# باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥:
# ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بەڕووی داهاتوودا٭

بورهان أ. یاسین

٢٠٠٩/١٠/١٥

---

ناوەڕۆکی باس

دەستپێك ------------------------------------------------ ٢

١- بەر لە هەڵبژاردن

١-١ ئەزموونی ١٨ ساڵە ---------------------------------- ٢ - ٤

١ -٢ رخنە لە دەسەڵات و خواستی گۆڕان ------------------------ ٤- ٥

١-٣ کاردانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی -------------------------- ٥

٢- هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥

٢-١ دەنگدان و هەڵبژاردن ------------------------------- ٦- ٧

٢-٢ هەندێك دەرهاوێشتەی گرنگ ----------------------------- ٧- ٨

٣- تەحەددا و ئەگەرەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی ٧\٢٥ -------- ٨

٣-١ لە ئاستی کوردستانیدا

٣-١-١ گۆڕان: تەحەددا و ستراتیژ --------------------------- ٩-١٣

٣-١-٢ هاوپەیمانی ستراتیژی و پارتی و یەکیێتی ------------------- ١٣-١٥

٣-١-٣ چوار حزبەکە ------------------------------------ ١٥

٣-٢ لە ئاستی عیراقیدا --------------------------------- ١٥- ١٩

٣-٣ لە ئاستی ئیقلیمی و کوردستانی مەزندا -------------------- ١٩-٢٠

٣-٤ لە ئاستی جیهانیدا --------------------------------- ٢٠-٢١

٤- دەرەنجام ------------------------------------------- ٢١-٢٢

## دەستپێك

هەڵبژاردنەکانی ٢٥|٧ی ئەم ساڵ ڕووداوێکی گەلێ گرنگە وە بە هەموو پێوەرێك ئەرزهەژێکی سیاسییە. ئەم ڕووداوە بۆتە چەقی گرنگیپێدانێکی زۆر لە رووی سیاسی و رەوشەنبیریەوە.

ئەم نووسراوەی بەردەست زیاتر کۆی ئەو تێبینی و بۆچوونانەی نووسەرن کە لە چاودێریکردنی ڕووداوەکان پێیان گەیشتووە نەك دەرهاوێشتەی پێداچوونەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە وتراون و نووسراون لە بارەی ئەو هەڵبژاردنانەوە. هەروەها ئەم وتارە هەوڵدەدات کە بە رووی داهاتوودا هەندێ بیروبۆچوون بخاتە روو کە مەبەست تیایدا زیاتر باسکردنە لەو ئەگەر و تەحەددایانەی کە بەرەوڕووی باشووری کوردستان دەبنەوە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٢٥|٧ و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عیراق. لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە مەبەست لێرەدا پێداچوونەوەیەکی وردەکارانەی ١٨ ساڵی رابردووی پرۆسە و ڕووداوە سیاسییەکانی باشوری کوردستان نیە، بە هەر حاڵ ئاوڕدانەوەیەکی بە پەلە لە بەسەرهاتی ماوەی ١٨ ساڵی رابردوودا پێداویستیەکی بابەتییە.

## ١- بەر لە هەڵبژاردن

### ١-١ ئەزموونی ١٨ ساڵە

لە ئاکامی ڕووداوەکانی ١٩٩٠-١٩٩١، لە داگیرکردنی کوێتەوە تا ڕاپەڕین و کۆچڕەوی ملیۆنی، نەك هەر بزاڤی سیاسی لە باشووری کوردستان لە هەرەسێکی حەقیقی، کە لە ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ تێیکەوتبوو، نەجاتی بوو بەڵکو هەر بە هۆی ئەم ڕووداوانە دەرفەت و دەرەتانێکی مێژوویی بێهاوتاش بۆ کورد، بە تایبەت لە باشووری کوردستان، هاتە گۆڕێ و کورد لەو بەشەی کوردستان بوو بە خاوەن دەسەڵاتی خۆی.

لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی سیاسی، یا راستتر بڵێین دەسەڵات و سیاسەتەکانی پارتی و یەکێتی، لە ماوەی ١٨ ساڵی رابردوودا نەیانتوانی ببنە وەڵامدەرەوەی خەون و پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان.

بەدامەزراوکردنی بزاڤی سیاسی لە باشووری کوردستان، لە شێوەی دەزگاکانی دەوڵەتی یاسا و بە نەتەوەبوون لە رێگەی بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بەهێز و توکمە و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی، بە هەمو پێوەرێك شکستی هێنا. حزب، بە تایبەتی یەکێتی و پارتی رێگرێك بوونە لەبەردەم پرۆسەیەکی ئەوهادا. نەك هەر ئەوە، بەڵکو لە ئاکامی پرۆسەیەکی ناتەندروست و پڕ لە چەوتی و هەڵەی پشتشکێن ئەو شێوە دەسەڵاتەی کە بەرهەمیش هاتووە کات و توانەیەکی زۆری دەوێ تا چاکبکرێتەوە. لەو دەسەڵاتەدا، حزب کۆنترۆڵی دەوڵەتی کردوە و نموونەی دەوڵەتی سۆڤیەتی (بەو شێوە دواکەوتوویەی کە لە *جیهانی سێهەمدا تاقیکراوەتەوە*) لە کوردستان پیادەکراوە. لە ئاکامی شەڕی خۆکوژی و نەتەوەکوژی (١٩٩٤-١٩٩٨) کورد بوو بە خاوەنی دوو دانە حکومەتی ژێر دەستەی دوو حزب، کە هیچ کامیان مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی مۆدێرنی نەبوو، بەڵکو مەبەست بەکارهێنانی دامودەزگاکانی ئەو دەسەڵاتە بوو بۆ بەهێزکردنی حزب و داروودەستەیەکی تەماح و چاوچنۆك.

عەقلیەتی پاوانخوازی و مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن پارتی و یەکێتیەوە باڵادەست بووە. لە راستیدا دوای "یەکگرتنەوەی" دوو حکومەتەکەی یەکێتی و پارتیش، لە بری یەك حکومەت، سێ حکومەت هاتنە کایەوە: ١) حکومەتێکی بەهێزی پارتی؛ ٢) حکومەتێکی لاوازی یەکێتی؛ وە ٣) حکومەتێکی لاوازی

هاوبەش. پێکهاتەی سێ حکومەتەکە بەم شێوەیە بوو: ١- دارای و پێشمەرگەو ناوخۆ لە هەولێر هی پارتی بوون؛ ٢- یەکێتیش لە "سێبەری" ئەو ئەو سێ وەزارەتەدا سێ دانە وەزیری هەبوو؛ ٣- وەزارەتە هاوبەشەکانیش هی راپەراندنی کاروباری وەزارەتە "یەکگرتووەکان" بوون.

لە ماوەی ١٨ ساڵدا گەندەڵی گەیشتە ئاستی هەرەشەکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی باشووری کوردستان، بە تایبەتی لەم پەیوەستەدا چوار دانە رەهەندی ئەو گەندەڵیە گرنگن کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

١) گەندەڵی گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار لە رێگای هاوپەیمانی دووقۆڵی پارتی و یەکێتیەوە. لە راستیدا ئەم هاوپەیمانیە هی شاردنەوەی گەندەڵی و جیاوازیەکانی یەکێتی و پارتی و ئیفلیجکردنی دامەزروەکانی دەوڵەت و هێشتنەوە و بەهێزکردنی باڵادەستی حزب بووە لەسەر حکومەت نەك هی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وەك ئەو دوو حزبە خۆیان دەخوازن گوزارەش لە هاوپەیمانیەکە بکەن. ئەم هاوپەیمانیە بە زەروورەت زامنی سەرهەڵدانی قەیران و بەرەورِوبوونەوە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا ناکات. لە راستیدا کاتێك پارتی و یەکێتی لە ١٩٩٤ دەستیان دایە وێرانکارترین شەڕی خۆکوژی و نەتەوەکوژی حەوت (٧) دانە هاوپەیمانی (هاوپەیمانی دوو سەرکردە و بەرەی کوردستانی و هاوپەیمانی دوو مەکتەبی سیاسی و . . . هتد)یان لە نێواندا هەبوو؛

٢) لایەنێکی تری ئەو ئاستە ستراتیژییە مەترسیدارەی گەندەلی ئەوەبووە کە خەڵك باوەڕی بە نەتەوەبوونی خۆی و دەسەڵاتی سیاسی و حزبە دەسەڵاتدارەکان (بە تایبەتی پارتی و یەکێتی) و سیاسەکان و دوارۆژی خۆیان زۆر کزبوویەوە. لە راستیدا متمانە بە دەسەڵات و دەسەڵاتداران گەیشتە ئاستێکی هەرە نزم؛

٣) سەرهەڵدانی شێوازی <u>دوو دەوڵەتی هاوتەریب</u>:[1] لە لایەکەوە دەوڵەتی رەسمی (پەرلەمان و کابینە و هەموو دامەزراوە رەسمیەکانی تر) کەچی لە لایەکی ترەوە <u>دەوڵەتی شاردراوەی دوو حزبەکان و دارودەستەیان</u> (بە واتایەکی تر دەوڵەتی ئابووری رەش و کۆمپانیا وەهمیەکان و قەچاغچیاتی بە نەوت و سەرچاوەکانی تری دەوڵەمەندی و کۆمپانیا زەبەللاحەکانی دوو حزبەکە و کەسە بەهێزەکانی دوو بنەماڵە و هەندێ پێکهاتە، کە لە شێوازی چالاکی و ماهیەتیاندا زێتر لە مافیا دەچن تا هەر شتێکی تر. . . ).

٤) لە راستیدا دەرهاوێشتەی ئەزموونی ئەو هەژدە ساڵە بە شێوەیەك لە شێوەکان "دووبارەبوونەوەی" مێژووی لێکەوتۆتەوە. چۆن دووبارەبوونەوەی مێژوو؟ لێرەدا بە بەراوردکردنی سێ حاڵەتی مێژوویی هەوڵدەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.

لە ساڵی ١٩٤٣دا راپۆرتێکی دوور و درێژ دەربارەی کێشەی کورد لە عێراق پێشکەش بە حکومەتی مەلەکی ئەو کاتەی عێراق کراوە. مەبەست لەو راپۆرتە ئەوە بوو کە ئەو حکومەتە لەسەر بنچینەی شارەزایی لەو کێشەیە نزیکببێتەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە راپۆرتەکە بە دەرئەنجامێکی زۆر گرنگ گەیشتووە ئەویش ئەوەبوو کە، بە پێی ئامادەکاری راپۆرتەکە، کێشەی کورد دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان لایەنی رەوایی

---

[1] ئەم شێوە لە دوو دەوڵەت لە ناو یەك دەوڵەتدا، دەوڵەتی رەسمی لە لایەك وە دەوڵەتی شاردراوە یا دەوڵەتی قوڵ لە لایەکی ترەوە (یا هەندێك دەستەواژەی دوو دوڵەتی هاوتەریب بەکاردەبرێ) ئەو بناسازیە سیاسیەیە کە لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بەرچاودەکەوێ. تورکیا نمونەیەکی هەرە بەرچاوە کە شارەزایان بەردەوام بە گرنگیەوە باس لە دەوڵەتی قووڵی تورکیا دەکەن کە شانبەشانی دەوڵەتی رەسمی بوونی هەیە وە بە شێوەی جۆراو جۆر ئەم دەوڵەتە قووڵە دەست و پەنجەکانی، بە ئامراز و شێوەی جۆرا و جۆر، لە قوڵاییەکانی دەوڵەتی رەسمی گیرکردوە. بەم مانایەش دەکرێ وەزیرێك، بەرپرسێکی گەورەی میت، پەرلەمانتارێك بەشێك بێت لە دەوڵەتی قوڵ. لە باکووری کوردستان بزاڤی چەکداری پکك پارێزراو نیە لەو جۆرە بناسازیەی دامەزرا و پێکاتە و چالاکیەکانی هێزە سیاسیەکان.

کێشەکەیە و ئەوەی تریشیان ئەوەیە کە توێژێکی خۆپەرست دەخوازێ لەسەر حسێبی ئەو مەسەلە ڕەوایە بەرژەوەندیەکانی بیانپارێزێ. دیسان لە ساڵی ١٩٦٩ ڕاپۆرتێکی بەرفراوان پێشکەش بە کۆنگرەی قوتری حزبی بەعس (لە عیراق) کراوە کە دیسان تیایدا جخت لەسەر دوو ڕەهەندی کێشەی کورد کراوەتەوە: لە لایەکیان ڕاپۆرتەکە دەڵێ کە کێشەی کورد مەسەلەیەکی ڕەوا و دیمۆکراتی و نیشتمانی و پێشکەوتنخوازە، لە لایەکی ترەوە کەسانێك هەن خۆیان لە پشت ئەو کێشە ڕەوایە حەشارداوە وە دەخوازن ئەو مەسەلەیە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیەکانیان بەکار بهێنن. . . ئەوەتا بۆ جاری سێهەم لە مێژووی هاوچەرخی ئەو کێشەیەدا مێژوو خۆی "دووبارە دەکاتەوە": ئەمڕۆ گومان نیە کە لە باشووری کوردستان کێشەیەی ڕەوای گەلێك هەیە (کە لە ڕاستیدا بەردەوامی مێژووەکی دووردرێژە) بەڵام لە پشت هێڵی ئەو کێشە عادیلە توێژێکی خۆپەرست و تەماح و چاوچنۆك هەیە کە نەك هەر لەسەر حسێبی ئەو مەسەلە عادیلانەیە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەپارێزن بەڵکو ئامادەشن ئەو مەسەلەیە بکەن بە قوربانی ئەو بەرژەوەندیە تایبەتی و تەسکانەیان. . . لە ڕاستیدا ئەمڕۆ بەشێکی گرنگ لە ململانێ و کێشمەکێشمی هەولێر و بەغدا کێشەکانی دەسەڵاتی شاردراوەیە، کە لە ڕێگەی دەسەڵاتە ڕەسمیەکەی هەرێمی کوردستانەوە و لە ڕێگەی وێناکردن و ناساندنیانی ئەو کێشانەی دەسەڵاتی شاردراوە وەك کێشەی ڕەواو و بەرژەوەندیەکانی گەل بەرەو ڕووی بەغدا دەکرێنەوە. بەم مانایەش دۆزە ڕەواکە و خەڵکی کوردستان باجی ململانێیەك دەدەن کە نە هی خۆیانە و نەش هی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەییانە، بەڵکو کێشەی چاوبرسی و چاوچنۆك و گەندەڵەکانی دەسەڵاتی شاردراوەی "کوردیە". بە مانایەکی تر کێشەی نەوت لەگەڵ بەغدا دوو ڕووی هەیە: لە لایەك مەسەلەیەکی نەتەوەییە، بەڵام لە لایەکی ترەوە مەسەلەی دەسەڵاتی کۆمپانیا نایاساییەکانی پارتی و یەکێتی و کۆمپانیا وەهمیەکانی قەچاغیکردنە بە کاڵایەکی ستراتیژی و هەرە هەستیار لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە. لە ڕاستیدا هەر لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا خەریکە بە شێوەیەکی بەرچاو چالاکیەکانی "دەسەڵاتی شردراوە" لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دەبێتە بارگرانییەك بەسەر کێشەی ڕەوای کورد و دەشبێتە ڕێگرێك لەبەردەم کارساز و وەبەرهێنەر و سەرماییەی بیانی کە خوازیارن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن. ڕووداوەکانی ئەو دواییە لە تێوەگلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەندێك سەودا لەگەڵ (د ن ۆ)ی نەرویژی و گینەل ئەنەرژی تورکی، ئەوە دەردەخەن کە تا چ ڕادەیەکی ترسناك دەسەڵاتی شاردراوە بووەتە جێگەی مەترسی بەسەر دەسەڵاتە ڕەسمییەکەی باشووری کوردستاندا. لە ڕاستیدا پارتی و یەکێتی دوو جەمسەری (یا ڕاستتر بڵێین دوو دیوی) دەسەڵات (ڕەسمی لە لایەك وە دەسەڵاتی شاردراوە لە لایەکی ترەوە) بە یەکەوە گرێدەدەن: ئەو دوو حزبە لە لایەکەوە لە ڕیگەی حکومەت و پەرلەمان و دەزگا ڕەسمییەکانی دەسەڵاتەوە (واتە دەسەڵاتی ڕەسمی) وە لە لایەکی ترەوە لە ڕێگەی کۆمپانیانیکانیان و کۆمپانیا وەهمیەکان و چالاکیە ئابووریە نایاساییەکانیانەوە (واتە چالاکیە ئابوورییە ڕەشەکان) هەردوو دەسەڵاتی شاردراوە و ڕەسمیان کۆنترۆڵکردووە. ئەوەی جێگەی گرنگییە ئەوەیە کە ئەو دوو جەمسەرە لە ڕێگەی هاوپەیمانی ئەو دوو حزبە بەیەکەوە گرێدراون و پارێزاون.

## ١-٢ ڕخنە لە دەسەڵات و خواستی گۆڕان

هەر لە سەرەتای ئەزموونی باشووری کوردستان بۆچوونێکی ڕخنەگرانە لە بەرامبەر دەسەڵاتی کوردیدا هەبوو. ئەم بۆچوونە ڕخنەگرانە لە دوو فەزا و پانتایی جیادا خۆیان دەردەبڕی: یەکێکیان لە ناو چوارچێوەی حزبدا

(هەڵبەتە مەبەست یەکێتی نیشتمانی کوردستانە)، ئەوەی تریشیان لە دەرەوەی پانتایی حزبدا، لە ناو جەماوەردا بە بنکەیەکی هەرە فراوان. لە پانتایی دووەمدا میدیای ئەهلی بە تایبەتی وە دواتر سایتە کوردیەکان وە ژوورەکانی ئینتەرنێت (پالتالك) وە بەشێك لە کۆمەڵگەی مەدەنی و هەندێك لە رەوشەنبیر و نووسەران و توخم و توێژی کۆمەڵایەتی جیا جیا رۆڵی گرنگیان بینی. بەم مانایەش دەتوانین باس لە دوو جەمسەری گۆڕانخوازی یا گۆڕان (بە مانا هەرە گشتیەکەی) لە باشووری کوردستان بکەین. ئەوەی کە روویدا ئەوبوو کە لایەنگرانی گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی کوردیدا لە ناو حزبەوە (واتە لە ناو یەکێتیەوە) پێیێکیان هەڵگرد بۆ دەرەوەی حزب وە بەم مانایەش بواری یەکگرتنی دوو فەزای گۆڕان لە هەردوو پانتاکە بۆ یەك بزاڤی بەرفراوان وە دواتر لیستی گۆڕان رەخسا. بەم مانایەش ڕووداوی هەرە گەورە ئەوەیە کە ئیتر بزاڤی گۆڕان *حزبێك* یا هێزێکی سیاسی تەقلیدی یا ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی نیە بەڵکو *دیاردەیە*، دیاردەیەکی تەواو نوێیە: رەمز و ئەکتەرەکانی ریفۆرم و گۆڕان پێیێکیان لە ناو حزبە و پێیەکەی تریشیان هاوێشتۆتە ناو قوڵایی و پانتیی دەرەوە، واتە پانتایی جەماوەر بە مانا هەرە فراوانەکەی. . .

ئەم پێشوەچوونە کەم هاوتایە لە مێژووی سیاسی باشووری کوردستاندا، ئەوە ئەگەر بێ هاوتاش نەبێ؛ تەنها بزوتنەوەیەك کە دەکرێ بەراووردی بکەین بە بزاڤی گۆڕان، بەڵام بە جیاوازی زۆریشەوە، جولانەوەی ریفرادەمە. وە هەر لە ڕێگەی ئەو بەراوردەشەوە، لە نێوان بزاڤی گۆڕان و ریفرادەم، دەکرێ هەندێ بەرچاو ڕوونیمان دەسکەوێ لە مەڕ ئەو نیگەرانیانەی کە هەن دەربارەی دواڕۆژی لیست (یا بزاڤ)ی گۆڕان؛ بەو مانایەی ئەگەری ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان تووشی شکستێك بێت کە دواجار بزاڤی ریفراندەم دووچاری بوویەوە. وە هەر لەبەر ئەوەش گرنگە کە هەڵسوڕێنەرانی گۆڕان ئەزموونی بزاڤی ریفراندەم بە زیندووی لەبەر چاو بگرن و کۆمەڵێك وانەی سیاسی لێهەڵێنجن.

لیستی گۆڕان هەر زوو، بەر لە ۲۵-۷، کۆمەڵێك ئامانجی پێکا: گرنگترینیان تێکشکاندنی سنووری داخراو و (موقەددەس)ی حزب و ژیاندنەوە و گەڕاندنەوەی باوەڕ و متمانەی تاکی کورد بە کۆمەڵێك شت، لەوانە گرنگی دەنگدان و سیاسەتکردن و هیوا بوون بە دواڕۆژ و سیاسەتکردنێکی جیاوازتر بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی جیاواز. . . لە راستیدا هاتنە گۆڕێی ئەم لیستە ژیان و جولەیەکی تازەی خستە بەر (یا ناو) خودی پارتی و یەکێتیش وە لە ئەنجامدا بە گروتینێکی جیاواز لە پێشتر کەوتنە خۆیان لە ململانێی هەڵبژاردندا. . .

## ۳-۱ کاردانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی

هەر لەو کاتەی کە نەوشیروان مستەفا رایگەیاند کە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات، دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کەوتنە جۆرەهای کاردانەوە کە زۆربەی زۆری ئەو کاردانەوانە رەنگدانەوە و دەربڕ بوون لە *ترس* و نیگەرانی ئەو دوو هێزە. سەرچاوەی ئەو نیگەرانیەش ترس بوو لە لەدەستانی دەسەڵات، یا هەرنەبێ کەمبوونەوەی پەراویزیان لە مۆنۆپۆڵ و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات. بەر لە هەڵبژاردن پەنا بردرا بۆ زۆر شێوەی ترساندن و تۆقاندن وە دێواندن (ناشرینکردن)ی ئەو هێزانەی کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرا کە بە شێوەیەکی جددی ببنە هۆی کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی پارتی و یەکێتی لە بردنەوەی رەهای هەڵبژاردنەکان[2].

[2] بۆ بابەتێکی نووسەر دەربارەی دیاردەی دێواندن و ترساندن بڕوانە: رۆژنامەی *رۆژنامە*، ژمارە ٤٦٣ لە ۷-۵-۲۰۰۹.

ئێستا شتێك بۆ ئەو دوو حزبە ئاشكرا بوو ئەویش ئەوەبوو كە ئیتر ئەگەری ئەوە بەهێزبوو كە لیستە ركابەرەكان، بە تایبەتی لیستی گۆڕان، ژمارەیەكی زۆر لە دەنگ بەدەست بهێنێت. لە لایەكی ترەوە، بە تایبەتی لە ناو سەركردایەتی یەكێتیدا، بۆچوونێك هەبوو كە بە ئاشكرا دەرفەتەكانی لیستی گۆڕانی بە كەم و لاواز دەزانی. ئەوەش دیار نیە ئایا ئەو بەكەم زانینە لە خوێندنەوەیەكی سیاسی هەڵەوە پێیهەڵگرتبوو، كە سەرچاوەكەی زێتر خۆ بە زلزانیە، یا زاڵكردنی حەز و هەست و نەست بوو بەسەر خوێندنەوەی سیاسی بابەتیانەدا!

لە هەڵمەتی دێواندندنیشدا كۆمەڵێك تاوانی زۆر جددی و ترسناك خرانە پاڵ میدیای "ئەهلی" و گروپەكانی ئیسلامی سیاسی و د. كەمال میراودەلی و . . . هتد كە گوایە بەشێك لە میدیاكانی باشووری كوردستان تەواوكەری ڕۆلی دەزگا موخابەراتە ئیقلیمیەكانە و هەندێ هێزی سیاسی رەتلی پێنجەمن و د. كەمال میراودەلیش بە یارمەتی (میت)ی توركی خۆی كەندیدكردوە بۆ سەرۆكایەتی هەرێم و ئیسلامی سیاسیش لە كوردستان تەنها (حماس)ێكی ترە لە بەرگێكی كوردیدا، چەند نموونەیەكی هەرە جددین كە ئەو تومەتباركردنەیان گەیاندە لوتكە. لە راستیدا هەر گوناهباركردنێك لەوانە بە تەنیا ئەوەندە جددی بوون كە ئەگەر لە هەر وڵاتێكی نیمچە ئازاد و لە هەر كۆمەڵگایەكدا، كە تا رادەیەكی كەمیش یاسا تیایاندا سەروەرە بێت، بكرانایە هەر وەها بەبێ سزا و لێپێچینەوەی یاسایی تێپەڕنەدەبوون. بگرە هەر توهمەتێكیش لەوانە بۆخۆی تێری ئەوە دەكات كە لە كۆمەڵگا دیموكراتیەكاندا فەیرانی سیاسی گەورە بەدوای خۆیدا بهێنێت.

## ٢- هەڵبژاردنەكانی ٧/٢٥

### ٢-١ دەنگدان و هەڵبژاردن

موفاجەئەی هەرە گەورە لە ماوەی ١٨ ساڵی رابردوودا ئەوە بوو كە لە هەڵبژاردنەكانی ٢٥|٧دا لیستی گۆڕان ٢٥٪ی دەنگەكانی بەدەستهێنا. ئەم دەرئەنجامە، كە پاشەكشەیەكی بەرچاو بوو بۆ یەكێتی و پارتی، دەسەڵاتی ئەو دوو حزبەی تووشی راچڵەكین و شۆكێكی سیاسی كرد. بەڵام دیسان جیاوازیەكیش هەبوو لە ئەسەری دەرئەنجامەكە لەسەر دوو حزبەكە، كە دیارە زیاتر بە نێگەتیف گەڕایەوە بەسەر یەكێتیدا تا بەسەر پارتیدا. لە راستیدا دەتوانین بڵێین پاشەكشەكە هەمووی بەسەر یەكێتیدا شكایەوە و بگرە پاشەكشەی پارتیش ناواخنی پاشەكشەكەی یەكێتی كرا. بەم مانایەش هەر نەبێ لە رووی دەروونیەوە بۆ پارتیەكان ئەوە گرنگ بوو كە نەك هەر پشكی شێر لە پاشەكشەكە هی یەكێتی بێت بەڵكو تەواوی "شكستەكە" بەر یەكێتی بكەوێ و وەك ئەوەی كە پارتی هیچ بەشێكی لە پاشەكشە بەرنەكەوتبێت. ئەم حاڵەتە، دواتر لە هاوكێشە و روانگەی سیاسی دوای هەڵبژاردن، بۆ پارتی گرنگ بوو بۆ ئەوەی لە دامەزراندنەوەی حكومەت و دابەشكردنی بەرپرسیەكان لە بەغدا سود لەو شكستەی یەكێتی و "سەركەوتنی خۆی" وەرگرێ.

لایەنێكی تری زەرەرمەند لەو هەڵبژاردنانەدا "هاوپەیمانی" چوار حزبەكە بوو، بەڵام هەرە زەرەرمەند لەم پەیوەستەدا یەكگرتووی ئیسلامی بوو. هەرچەندە هەر چوار حزبەكە، هەر یەكەیان لەبەر هۆیەك یا چەند هۆیەك، پێویستیان بەم هاوپەیمانیە بوو بەڵام ئەو لایەنەی كە بەشی شێری زیانی بەركەوت یەكگرتووی ئیسلامی بوو. ئەم هاوپەیمانیە، لە لایەكی ترەوە، شتێكی پێویست بوو بۆ هەر چوار حزبەكە بۆ ئەوەی

پاشەکشەی تاکە تاکەیان لە ناو پاشەکشەیەکی گشتی هەر چواردا بشارنەوە. لەوە دەچێت کە بە تایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی پێویستی بە کات و وزەیەکی زۆر بێت بۆ ئەوەی هەر نەبێ بگەڕێتەوە دۆخی "بەهێزیی" بەر لە هەڵبژاردن.

بە هەر حاڵ لە دیدی سێکولاریستەکانی باشووری کوردستان، یا هەر نەبێ لە دیدی بەشێکی بەرچاویان، لاوازبوونی ئیسلامیەکان لە ئاکامی هەڵبژادنەکاندا خۆی لە خۆیدا سەرکەوتن بوو بۆ هێزە سێکولاریستەکان؛ چونکە دەمێك بوو ئەو ئاگاداریە هەبوو کە ئیسلامی سیاسی خەریکە دەبێ بە هێزێکی گەورە و کاریگەر لە باشووری کوردستان "لەسەر حسێبی" هێز و پانتایی جەماوەریی سێکولاریستەکان.

لە لایەکی ترەوە زۆر گرنگە ئەوە لەبیر نەکەین کە لەم هەڵبژاردنانەدا بۆ یەکەم جار ڕەمز و تەلەسمی دەسەڵات (سەرۆکی هەرێم) بە شێوەیەکی جددی خرایە ژێر نیشانەی پرسیارەوە بە خۆکاندیدکردنی چەند کەسێك بە تایبەتی د. کەمال میراودەلی کە (کەم یا زۆر) ٢٥٪ی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمدا بەدەستهێنا هێنا. . . گرنگیەکەی لەوەدایە کە سەرۆکەکانی وڵاتی ئێمە هەتا ئێستاش وا دەزانن وە دەخوازن خەڵکیش هەر لەو باوەڕەدا بێت (وە لە راستیدا خەلکانیش لە ئاستی جیا جیادا هەن کە هەڵگری ئەو بیروباوەڕەشن) کە هەر ئەوانن دەتوانن وە هەر ئەوانن شایستەی ئەوەن سەرۆکایەتی کورد بکەن. لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە بە مانایەك لە ماناکان مەغزای "سەرکەوتنی" د. کەمال میراودەلی، لە سەرکەوتنی لیستی گۆڕان کەمتر نەبوو یا هەر نەبێ تەواوکەرێکی گرنگ بوو بۆ ئەو سەرکەوتنەی کە لیستی گۆڕان بەدەستیهێنا. دیارە ئەم سەرکەوتنەی د. کەمال میراودەلی لە رووی سایکۆلۆژی و سیاسییەوە رێگەخۆشکەرە نەك هەر بۆ گۆڕانکاری لە دیدگا و جیهانبینیە سیاسییەکاندا لە کوردستان بەڵکو بۆ کاریگەری خستنە سەر ژیانی سیاسیش لە باشووری کوردستان لە ماوەی داهاتوودا. . .

تەزویر و خروقاتی سیستیماتیك لە لایەن حزبەکانی دەسەڵاتەوە بە تایبەت لە هەولێر و دهۆك، کە بە پێی هەندێك تەقدیر بە سەدان هەزارە، لە لایەکەوە دەربڕی ترسی دوو کۆلەگەی دەسەڵات (پارتی و یەکێتی) بوو لە لەدەستدانی دەسەڵات وە هەروەها هێمایە لە نائامادەییان بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتیانە و دیمۆکراسیانەی دەسەڵات.

بە کورتی، ئەم هەڵبژاردنانە لە زۆر رووەوە ئەرزهەژی سیاسی بوون. ئەمەش گرنگە، چونکە لە مێژوودا ئەرزهەژە سیاسیەکان بوونەتە هۆی کرانەوەی کۆمەڵێك دەروازە و دەرفەت بۆ لەقاڵبدانەوەی سەرلەنوێی پەیوەندی و هاوکێشە و روانگە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان. . .

## ٢-٢ هەندێك دەرهاوێشتەی گرنگ

ئەم هەڵبژاردنانە هێڵی جیاکەرەوەن لە نێوان دوو فەترەی زەمەنی لەیەکتر جیا (واتە لە لایەك فەترەی بەر لە ٧/٢٥ وە لە لایەکی ترەوە فەترەی دوای ٧/٢٥) لە رووی:

١- ئۆپۆزیسیۆن: راستە بەر لە ماوەی نێوان ١٩٩٢ تا هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ هەندێك گلەو گازندە دەکران لە لایەن هەندێك لە حزبە "بچووکەکانەوە" بەرامبەر بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، بەڵام هەرگیز ئەم حزبانە نەیانتوانی ببن بە ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینە. هەندێك جار وابەستەیی سیاسی و هەندێکجاریش تەماحی

بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا وە یا لە پێناو مسۆگەرکردنی بژێوی حزب و چالاکڤانانی، وە زۆر جاریش ئەم هەر سێ فاکتەرە بەیەکەوە، وایانکردووە کە ئەو حزبانە نەتوانن ئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینە بن. بە هەر حاڵ هەموو هێماکان ئەوە نیشاندەدەن کە لیستی گۆڕان رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنبوونی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لەوەش دەچێ رەوتەکە هەر بەو ئاقارەشدا بڕوا، لەگەڵ ئەوەشی کە دەسەڵاتدارانی پارتی ویەکێتی هەوڵی بەشدارپێکرنی گۆڕانیان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا داوە؛

٢- بۆ یەکەم جار دەرفەتی هاتنەکایەی پەرلەمانێکی کارا هاتۆتە ئاراوە. واتە بۆ یەکەم جار پێویست ناکات "هەموو" ئەندامانی پەرلەمان وەك یەك بیر بکەنەوە بەڵکو لەوەدەچێ لە داهاتوودا ململانێی پەرلەمانیی و جیاوازی بیرکردنەوە لە پرسە سیاسی و یاسایی و دەستورییەکاندا باڵادەست بن؛

٣- بە ئەگەری زۆر دەرهاوێشتەی ئەم هەڵبژاردنانە دەبنە سەرەتا و یاریدەدەرێك لە پرۆسەی لەگۆڕنانی مۆنۆپۆڵکردن و قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن پارتی و یەکێتیەوە؛

٤- سەرکەوتنی گۆڕان وە بەهێزبوونی لە بەردەوامیدا بە ئەگەری زۆر کاریگەری زۆری دەبێ لەسەر ناوەوەی پارتی و یەکێتی. بەڵام ئەوە زۆر دەکەوێتە سەر شێوەی پێشوەچوونی گۆڕان وەك بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەو ستراتیژەی کە بۆخۆی هەڵدەبژێرێ و ئەو تاکتیکانەی پەیڕەویان دەکات. ئەگەر بۆ نموونە گۆڕان لە ناوچەی سلێمانیدا قەتیس ببێ و چالاکیەکانی سنووردرابن لەو ناوچەیەی کە بە ناوچەی باڵادەستبوونی یەکێتی ناسراون، ئەوا بە ئەگەری زۆر کایگەری گۆڕان لەسەر یەکێتی، نەك هەر لە دەرەوەڕا، بەڵکو لەسەر خودی ناوەوەی یەکێتی دەها زێدە دەبێت. لە سیناریۆیەکی ئەوهادا پارتی، بە ئەگەری زۆر هەوڵدەدا سوود لەو ململانێیە وەرگرێ وە ئیستیسماری بکات بۆ بەهێزکردنی خۆی. بەڵام بە بەرجەستەبوونی گۆڕان لە ئاستی باشووری کوردستاندا، واتە لە ناوچەکانی باڵادەستیی پارتی و یەکێتی، (کە ئەمەش لەوە دەچێ شتێکی هەروا ئاسان نەبێ) سروشتی ململانێ لە ململانێی نێوان گۆڕان و یەکێتی دەبێ بە ململانێی گۆڕان لە لایەك وە دەسەڵات و هەیمەنەی پارتی و یەکێتی لە لایەکی ترەوە. لە ئەگەری گۆڕانکاری لە سروشتی ململانێدا لە شێوەی یەکەم (هی نێوان گۆڕان و یەکێتی) بۆ شێوەی دووەمی ململانێ (واتە ململاتێی نێوان گۆڕان لە لایەك وە پارتی و یەکێتی لە لایەکی تر) تاکتیك و ستراتیژی ئەو سێ هێزە رۆڵی گرنگ دەبینن لە شێوەی ململانێکان: هەندێك جار لە شێوەی سێ دانە ستراتیژی جیا (هی پارتی، هی یەکێتی و هی گۆڕان) وە هەندێك جاریش دوو دانە ستراتیژ لە شێوەی دوو جەمسەریدا کە جەمسەرێکیان گۆڕانە وە جەمسەرێکی تریشیان پارتی و یەکێتیە بە یەکەوە.

## ٣- تەحەددا و ئەگەرەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی ٧\٢٥

بۆ تیشکخستنە سەر ئەو تەحەددا و ئەگەرانەی کە باشووری کوردستان بەرەو روویانە و چاوەڕوان دەکرێ بەرەوڕوویان هەندێکی تریشیان دەبێتەوە دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عیراق، بە تایبەتیش بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ئەگەر و ئەلتەرنەتیڤانەی کە لەبەردەم لیستی گۆڕانن، پێویستە ئەو تەحەددا و ئەگەرانە لە ئاستەکانی ناوخۆیی (باشووری کوردستان)، کوردستانی مەزن و ئیقلیمی، عیراقی و جیهانیدا ببینرێن و خوێندنەوەیان بۆ بکرێ.

## ۱-۳ له ئاستی کوردستانیدا

### ۱-۱-۳ گۆڕان: ته‌حه‌ددا و ستراتیژ

هه‌روه‌ك پێشتر ئاماژه‌م پێدا گۆڕان وه‌ك بزافێكی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی له‌سه‌ر دوو پێگه وه‌ستاوه: پێگه‌یه‌كیان تا ئێستاش له ناو حزبه یا هه‌رنه‌بێ ده‌توانین بڵێین تا ئێستاش بڕیاری به ته‌واوه‌تی نه‌داوه كه واز له حزب بهێنێ یا نا، به‌ڵام پێگه‌كه‌ی تریان له ناو جه‌ماوه‌ره. تا ئیستا ئه‌م دوالیزمی دوو پێ (پێگه)یه سه‌رچاوه‌ی هێز بووه بۆ گۆڕان. به‌ڵام پرسیاری گرنگ ئه‌وه‌یه ئایا تا كه‌ی گۆڕان ده‌توانێ ئه‌م خاڵی هێزه‌ی خۆی بپارێزێ. به واتایه‌كی تر، تا كه‌ی گۆڕان ده‌توانێ سوود له‌وه ببینێ كه پێیه‌كی له ناو حزب بێ و پێیه‌كیشی له ده‌ره‌وه، وه به پێچه‌وانه‌شه‌وه، كه‌ی ده‌كرێ ئه‌و دوالیزمه ببێ به بارگرانایی و كێشه بۆ گۆڕان؟ دیاره وه‌ڵامی ئه‌م پرسیاره هه‌روا ئاسان نیه چوونكه ئه‌وه ته‌نها له‌سه‌ر حه‌ز و خواستی سه‌ركرده و جه‌ماوه‌ری گۆڕان ناوه‌ستێ به‌ڵكو ئه‌و تاكتیكانه كه یه‌كێتی ده‌یانگرێته‌به‌ر وه ئه‌و بڕیارانه‌ی كه ده‌یاندات گرنگن بۆ شێوه‌ی پێشوه‌چوونی جه‌ده‌ل و په‌یوه‌ندی ئه‌و دوو پێگه‌یه له‌گه‌ڵ یه‌كتردا. جگه له‌مه‌ش، شێواز و تاكتیكی نزیكبوونه‌وه‌ی پارتیش له‌م پرسانه جا چ به هاوكاری له‌گه‌ڵ یه‌كێتی بێت (له ڕێگه‌ی پاڵدانی یه‌كێتی به ئاراسته‌یه‌كدا) یا له ڕێگه‌ی تاكتیكێكی تاكجه‌مسه‌ری خۆی بێت، دیسان ده‌توانێ كاریگه‌ری هه‌بێ له‌سه‌ر شێوه‌ی مامه‌ڵه‌كردنی ئه‌و پرسانه. به هه‌ر حاڵ ئه‌وه‌ی ئاشكرایه تا ئێستاش زۆرێك له ئه‌ندام و كادر و ره‌مزه گرنگه‌كانی گۆڕان خۆیان به یه‌كێتی، یا هه‌رنه‌بێ به یه‌كێتی "ڕاسته‌قینه" و "خاوه‌نی" ئه‌و حزبه ده‌زانن. جگه له‌وه‌ش كه‌م نین ئه‌وانه‌ی ئه‌وڕۆ كه له‌ناو یه‌كێتی ماونه‌ته‌وه به‌ڵام "دڵ و هۆشیان" لای ئه‌و هاوڕێیانه‌ی دوێنێی خه‌باته كه پێیێكیان هاوێشتۆته ده‌ره‌وه و به‌م شێوه‌یه‌ش پۆتانسیالێك پێكده‌هێنن كه له‌وانه‌یه له ساته‌وه‌ختی هه‌ستیاردا بڕیاری یه‌كلاكردنه‌وه و ساغكردنه‌وه‌ی خۆیان به ئاراسته‌یه‌كدا چاره‌نووسساز بێت. له لایه‌كی تره‌وه، به ئه‌گه‌ری زۆر، سه‌ران و كادرانی گۆڕانیش هه‌ر هه‌موویان به زه‌روره‌ت وه‌ك یه‌ك بیر ناكه‌نه‌وه له مه‌سه‌له‌ی په‌یوه‌ندیان به، وه هه‌ڵوێستیان له، یه‌كێتی نیشتمانی كوردستان و دواڕۆژی ئه‌و حزبه و شێوه‌ی نزیك بوونه‌وه له هه‌نگاوی داهاتوو له مه‌ڕ ئه‌و په‌یوه‌ندیه‌وه. به مانایه‌كی تر ئه‌و دوو دیوی پێكهاته ئاڵۆزه (واته دیالەکتیکی پێیه‌ك له ناوه‌وه و پێیه‌كیش له ده‌ره‌وه) وادەکه‌ن كه كۆمه‌ڵێك ئه‌گه‌ر له‌به‌رده‌م گۆڕاندا هه‌بن وه یا سه‌رهه‌ڵبده‌ن:

۱) ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌ی كه گۆڕان هه‌وڵبدات پێكه‌ی ده‌ره‌وه‌ش ڕاكێشێته ناوه‌وه: ئه‌م ئه‌گه‌ره زۆر لاوازه، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ڕوویدات یا هه‌تتا هه‌ر هه‌وڵێك له‌و جۆره ده‌توانێ بۆ گۆڕان زیابه‌خش و بگره پشتشكێنیش بێت. به هه‌ر حاڵ ئه‌وه‌ی تا ئێستا له‌سه‌ر زاری كه‌سی یه‌كه‌م له گۆڕاندا (نه‌وشیروان مسته‌فا) و هه‌ندێك له چالاكڤانانی ناو گۆڕان پشتراستكراوه‌ته‌وه ئه‌وه‌یه كه نه بواری گه‌ڕانه‌وه بۆ ناو یه‌كێتی ماوه و نه‌ش هیچ بوارێك ماوه‌ته‌وه بۆ ریفۆرمكردنی ئه‌و حزبه. به هه‌ر حاڵ باسكردنی ئه‌م ئه‌گه‌ره هه‌ر نه‌بێ له ئاستی تیوری و وه‌ك ره‌نگدانه‌وه‌ی ترس و دڵڕاوكێیه‌كیش، هه‌ر نه‌بێ لای هه‌ندێ كه‌س، گرنگی خۆی هه‌یه؛

۲) هاوپه‌یمانی ستراتیژی پارتی و یه‌كێتی كه‌وته به‌رامبه‌ر تاقیكردنه‌وه‌یه‌كی گرنگ له‌گه‌ڵ هه‌ڵبژاردنه‌كانی ۷/۲۵دا وه به ئه‌گه‌ری زۆر هه‌ر به‌سه‌رهاتێك كه سروشتی ئه‌و هاوپه‌یمانیه بگۆڕێ ده‌توانێ ڕاسته‌وخۆ كاریگه‌ریی هه‌بێ له‌سه‌ر گۆڕان؛

۳) به بۆچوونی خۆم له‌و سه‌ركردانه‌ی كه له ناو یه‌كێتی ماونه‌ته‌وه هه‌ندێكیان، به تایبه‌تی كۆسره‌ت ره‌سوڵ، كارتێكی هه‌ره ناجێگیره، وه ده‌كرێ له هه‌ر كاتێكدا بڕیارێكی له‌و شێوه‌یه‌ی سه‌ركرده‌كانی تر بده‌ن كه

یەکێتیان جێهێشت و دواجار چوارچێوەی گۆڕانیان بۆخۆیان هەڵبژارد. ڕووداوێکی ئەوها زۆر ئەگەری لێدەکەوێتەوە کە نەك هەر بۆ داهاتوی یەکێتی گرنگە بەڵکو بۆ خودی گۆڕانیش بایەخدارە. بەڵام ئەوەی دەکرێ وە گرنگە لێرەدا بگوترێ ئەوەیە کە ئایا گەر کۆسەرت ڕەسوڵ چوونە ناو گۆڕانی هەڵبژارد ئەوە دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ گۆڕان یا بارگرانایی بەسەریەوە؟ بە باوەڕی خۆم هەردوو ئەگەر لە هەمان کات و سات (لە دوالیزمێکی ئاڵۆزدا) لە ئارادان، بەڵام ئەگەری دووهەمیان بەهێزترە. واتە ئەگەری ئەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ ببێ بە بارگرانایی بەسەر گۆڕانەوە ئەگەر چوونە ناو ئەو بزووتنەوەیەی هەڵبژارد؛

٤) شاردراوە نیە کە یەکێك لەو مەسەلانەی بە ئیلحاح هاتوونەتە پێشەوە بە تایبەتی دوای ٧/٢٥ مەسەلەی دواڕۆژی گۆڕانە بە تایبەتی ئەوەی ئایا گۆڕان دەبێ بە حزب یا بزاڤێکی "ڕێکخراو" وە لەو دوو حاڵەتەشدا کەی وە بە چ میکانیزمێك. لەوەدەچێ، لەم بارەیەوە، لە ناو گۆڕاندا بۆچوونی جیا جیا هەبێ، بە هەر حاڵ ئەو بۆچوونەی کە دەخوازێ گۆڕان، هەر نەبێ تا ماوەیەکی نادیار، وەك بزووتنەوە یا ڕەوت بمێنێتەوە لە ئێستادا ئاراستەی هەرە زاڵە.

بە هەر حاڵ ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا نەوشیروان مستەفا بە شێوەیەکی سەرنجراکێش گوزارەشی لەو مەسەلەیە کرد بەوەی کە نابێ گۆڕان ببێ بە حزبێکی "ستالینی/بەلشەفی/کلاسیکی"[٣]. دەکرێ لەم ئاماژەیە ئەوە هەڵێنجین کە بەڵێ ئەگەری ئەوە کراوەیە کە گۆڕان ببێ بە حزب بەڵام نەك حزبێکی "ستالینی/بەلشەفی"! ئەگەر ئەو خوێندنەوەیەش لە قسەکەی نەوشیروان مستەفا وابێت، ئەوا مانای وایە تای تەرازوو بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە کە دواتر گۆڕان، زوو یا درەنگ، ببێ بە حزب. ئەگەرێکی تریش ئەوەیە کە مەبەستی نەوشیروان لە قسەکەی ئەوە بووبێ کە لە ڕێگەی فڕەدانی ئەو قسەیەوە گفتوگۆیەك لەم بارەیەوە بورووژێنێ وە دواتر سوود لە ئاستی کاردانەوەکان و ئاراستەکانیان ببینێ بۆ ئەوەی دواتر تەسەوورێك لەم بابەتەدا بخەملێنێ. لە لایەکی ترەوە کەم نین ئەوانەی کە دەخوازن گۆڕان وەکو ڕەوتێکی یا بزووتنەوەیەکی هەرە بەرفراوانی جەماوەری بمێنێتەوە؛ لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە، وەك گوترا، لە ئێستادا باڵادەستە لە ناو گۆڕاندا. هەڵگرانی ئەو بۆچوونە مانەوەی گۆڕان بە شێوەی ڕەوتێکی جەماوەری وادەکات کە دەروازە هەرە فراوانەکان لە بەردەوام گۆڕاندا کراوە بن وە مەیدانە هەرە فراوانەکانی مانۆوەری سیاسی بەردەوام واڵا بن لە پێش ئەم بزاڤە. بە بڕوای خۆم پەلەکردن لەوەی کە گۆڕان بکرێ بە حزب بە ئەگەری زۆر بەرەو حزبێکی ئێلیتیست (کەم یا زۆر دیسانەوە حزبێکی بەلشەفی) و لەژێر کاریگەری حزبیەکانی پێگەکەی ناو حزب دەهێڵێتەوە. بە پێچەوانەشەوە لەوانەیە مانەوەی گۆڕان بە شێوەی ڕەوت یا بزاڤ بۆ ماوەیەکی باش دەرفەت بدات کە ئەگەر بشبێ بە حزب ئەوا ئەگەری ئەوە بەهێز بێ کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە ببێ بە حزب (نەك بە پێچەوانەوە) و بەم شێوەیەش هاوسەنگی دوو پێگەکە لە قازانجی دواڕۆژێکی باش بۆ گۆڕان بپارێزرێ. بە مانایەکی تر ئەگەر گۆڕان زوو بە زوو لە ژێر کاریگەری پەرچەکردار و گیانی "تۆڵەسەندنەوەدا" ببێ بە حزب

---

٣ باس و خواسێکی زۆر هەیە دەربارەی ئەوەی ئایا حزبی ستالینی هەر بەردەوامی چەمکی حزبی بەلشەفیە و تەنانەت هاوتایەکی ئەو وشەیەیە. هەر لەبەر ئەوەش ئەو هەردوو وشەم وەك جێگرەوەی یەکتر بەکاربردوون. جێگەی سەرنجیشە کە دەسەڵاتە هاوشێوەکانی سۆڤیەتی پێشوو دەرهاوێشتەی ئایدیۆلۆجیاو پرۆگرامی سیاسی حزبی بەلشەفی سۆڤیەتی و حزبە هاوشێوەکانی بوونە لێرەو لەوێ، کە یەکێکیان ئەزموونی پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان بووە. ئەمەش لە هاوشێوەی زۆرێك لە سیستەمە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێهەمدا خۆی نواندوە و پەیوەندی باشی ئەو ڕژێمانەش لەگەڵ سۆڤیەتی کۆن و وڵاتانی بە سیستەم سۆسیالیست (ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا) تا ڕاددەیەکی زۆر هەر لەو چوارچێوەیەدا خەملابوون.

ئەوا بە ئەگەری زۆر نەك هەر تەفقە لەخۆی دەکات، بەڵکو لەوانەیە تەقەکە هی خۆکوشتنیش بێ. لەم بارودۆخەدا ئەوەی گۆڕان پێویستیەتی زنجیرەیەکی زۆر و دەوڵەمەندە لە زیمینار و وۆرکشۆپ کە تیایاندا چالاکڤانانی هەردوو پێ (یا پێگەکە) بەشداری و ئامادەیی و قورساییان تیایاندا هەبێ.

زۆر بە کورتی؛ لە کاتێکدا گرنگە گۆڕان تەنها وەك لیست نەمێنێتەوە، گونجاوترین شێوەی خۆڕێکخستن، بە هەر حاڵ لە نزیك مەودادا، ئەوەیە کە لیستی گۆڕان ببێ بە ڕەوت یا بزاڤ وە بەم شێوەیەش تا دەکرێ دوو جەمسەری دوو پێیەکە (پێیەك لە ناوەوە وە پێیەك لە دەرەوە) لە شێوەی بزاڤێکی بەرەیی جەماوەریدا بپارێزێ؛

٥) دامەزراندنی حکومەتی سێبەر: دیارە هەر زوو دوای هەڵبژاردنەکان لیستی گۆڕان باسی لە دروستکردنی حکومەتی سێبەر کرد. ئەم مەسەلەیە بووە هۆی گفتوگۆیەکی زۆر لە ناوەوە و لە دەرەوەی گۆڕان، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی تەندروستە. هەنگاوێکی ئەوها لە سیستەمێکی تەواو دیموکراسیدا (وەك بۆ نموونە بەریتانیا) نەك هەر مومکنە بەڵکو شتێکی باش و پەیرەوکراویشە. بەڵام ڕاگەیاندنی حکومەتی سێبەر لە لایەن لیستی گۆڕانەوە، لە بارودۆخی کوردستاندا، دەکرێ هەندێك دەرەنجامی نێگەتیڤی لێبکەوێتەوە. چونکە بەر لە هەموو شتێك خەڵکی کوردستان ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵ حکومداری و بوونی چەند حکومەتێك لە هەمان کاتدا هەیە و بەدەستی "فرەحکومەتیشەوە" ناڵاندویەتی. لە لایەکی ترەوە ئەزموونی سوید، لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر هەر وەزارەتێکی دەسەڵات قسەکەرێکی خۆی دەبێ وە ئەو قسەکەرە ئەندامی پەرلەمان دەبێ و پسپۆریشی دەبێ لە بواری کاروباری وەزارەتێکی تایبەتیدا، مۆدێلێکی گونجاوە؛

٦) زۆر جار لە گفتوگۆکاندا وا خویا دەکرێ وەك ئەوەی سەرئێشەی گۆڕان تەنها کاروباری ناوەخۆی باشووری کوردستان و هەڵوەستە لە مەسەلە سیاسیە ناوخۆییەکان، بە تایبەتی مەسەلەی حوکمڕانی، بێت. بەڵام لەبەر کۆمەڵێك هۆ هەر زوو دەردەکەوێ کە ئاستەکانی سیاسەتکردن و داڕشتنی ستراتیژی کارکردن پێویستە پێنج ئاست وەرگرێ کە هەموو ئاستەکانیش لە سونگەیەك یا چەند سونگەیەکەوە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە وە کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە: ئاستی باشووری کوردستان، ئاستی کوردستانی گەورە و ئیقلیمی، ئاستی عیراقی و ئاستی جیهانی. ئەوە گرنگە کە گۆڕان لە هەموو ئاستەکاندا بۆچوونی خۆی هەبێت و ئەم بۆچوونەش لە کار و گوتاری بزاڤی گۆڕاندا ڕەنگبداتەوە و کاریگەری ئاشکرایان لەسەر دابنێ. لە لایەکی ترەوە گرنگە گۆڕان بەردەوام بێت لەسەر جختکردنەوە لە کێشەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگەی سیاسی لە باشووری کوردستان و خستنەڕووی چارەسەری و ئەو کێشانە و کارکردن بەو ئاراستەیەدا. لە بەردەوامی ئەم وتارەدا هەوڵدەدەم لەو ئاستانەدا بۆچوونێکی فراوانتر، وە لەوێشدا دەرفەت و تەحەدداکانی بەردەم گۆڕان، بخەمە ڕوو؛

٧) یەکێك لە تەحەددا هەرە گەورە و جددییەکانی بەردەم گۆڕان کێشەی ناسنامە و جوگرافیای سیاسی کارکردنی ئەو بزاڤەیە. کاتێکیش دەڵێین ناسنامە ئەوا خەمڵاندنی ناسنامەیەکی تایبەتە بەو بزاڤە لە ڕووی ئامانجە ئایدیو-سیاسیەکان و بەرنامەی کار و ئاستەکانی ستراتیژ و مێتودی کارکردن و ئامراز (ئامرازەکان)ی خەبات. بۆ ناسنامەیەکی ئەوهاش نەك هەر خۆدیتن (ناسنامە لە ناوەوەڕا) گرنگە بەڵکو بە هەمان ڕادە خۆناساندن بە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆی (ناسنامە بە دیوی دەرەوەڕا) گرنگە. لەم بارەیەوە تەحەددای هەرە گەورە ئەوەیە کە جوگرافیای گۆڕان لە سلێمانیەوە ببێ (یا ڕاستتر بڵێین بکرێ) بە تەواوی باشووری کوردستان. جگە لەمەش کێشەو سەرئێشەکانی ئەو بزاڤە لە ڕەنگدانەوە و کاردانەوە لەسەر پرس و کێشەکانی

یەکێتی ببێ بە بزاڤێك کە تەواوی باشووری کوردستان وە سیاسەتە پەیوەندیدارەکان لە هەموو ئاستەکانی (عیراقی و ئیقلیمی و جیهانی)دا بکات بە پانتایی سیاسەتکردن و هەڵوەستە لە رەهەندەکانی وەرگرێ.

ئەوەی ئەورۆ تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە بەشێکی زۆری رۆژنامەی *کوردستانی نوێ* رۆژانە بە رووی گۆڕاندا قسە دەکات وەك بڵێی گۆڕان سەری هەموو کێشەکانە. بەڵام کاتێك تێبینی رۆژنامەی *خەبات* دەکەین زۆر بە دەگمەن باسێك لەسەر گۆڕان دەدۆزینەوە، چ جای ئەوەی کە خەبات خۆی کردبێتە مینبەری شەڕە قسە لەگەڵ گۆڕاندا، ئەگەرچی پارتی موحافیزکارترە لە یەکێتی بە رووی ریفورمد. بە هەر حاڵ، لەوە دەچێت ئەگێندایەکی نەنووسرا و هەبێت بۆ قەتیسکردنی گۆڕان لە ناوچەی سلێمانیدا وە لەم بارەیەوە لەوەدەچێت نائاگایی و بگرە کێماسی و خوێندنەوەی بەهەڵەش بۆ شتەکان لە ناو ریزەکانی خودی گۆڕانیشدا هەبێت؛

٨) ئۆپۆزیسیۆن یا بەشداری لە دەسەڵاتدا؟ لەوە دەچێت گۆڕان لە ئاستی باشووری کوردستاندا بەبێ هیچ دوودڵیەك ستراتیژی کارکردن وەك ئۆپۆزیسیۆنی بۆ خۆی هەڵبژاردبێت. بە باوەڕی خۆم بۆ بزاڤێکی تازە سەرهەڵداوی وەك گۆڕان ئەلتەرنەتیڤی ئۆپۆزیسیۆن بوون بەرامبەر بەشداری لەدەسەڵاتدا شیاوترین هەڵبژاردەیە: ١) هێشتان زووە گۆڕان لە رێگەی بەشداریکردن لە حکومەتدا بتوانێ خەسلەتی دەسەڵات لەو ئاستەی گەندەڵی کە ئێستا تیایەتی بگۆڕێ بە دەسەڵاتێکی تەندروست و شەفاف. بە پێچەوانەشەوە بەشداری کردن هەر ئێستا لەو دەسەڵاتەدا ئەگەری ئەوە بە هێز دەکات کە گۆڕان خۆشی لە ناو ئەو دەسەڵاتەدا گەندەڵ ببێ، وەك ئەو دکتۆرەی کە بۆ چارەسەری نەساغ بچێ بەڵام خۆی نەخۆشیەکەی ئەو نەساغە بگرێتەوە؛ ٢) ئۆپۆزیسیۆن بوون (لە ماوەی چوار ساڵدا) دەتوانێ بۆ یەکەم جار لە ئەزموونی سیاسی باشووری کوردستاندا شێوە بیرکردنەوە و کارکردن و بگرە کولتورێکی سیاسیش (کە تیایدا دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن هەردووکیان گرنگن) بەرجەستە بکات. دواجار گۆڕان بتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە سیستەمێکی دیمۆکراسی بە بێ ئۆپۆزیسیۆن غەیرە مومکینە و گۆڕانکاریش لەو روانگە سیاسیە ناتەندروستەی کە لە باشووری کوردستان هەیە، بەبێ بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینە، فەراهەم نابێت؛ ٣) جگە لەوەش لە رووی تەکتیکی سیاسی و متمانەی جەماوەر بە گۆڕان باشترین ئەلتەرنەتیف بۆ ئەم لیستە/بزاڤە بوونیەتی بە ئۆپۆزیسیۆن. لە دەستنیشانکردنی ئەلتەرناتیف و هاوێشتنی هەنگاوە سیاسیەکاندا لەبەرچاوگرتنی متمانەی خەڵك گرنگیەکی تایبەتی وەردەگرێ وە ئەو متمانەیەش دەبێ وەك سەرمایە و سەرچاوەیەکی هێزی سیاسی و مۆڕاڵی زۆر گرنگ مامەڵە بکرێت؛ ٤) لایەکی تری هەڵبژاردنی ئەلتەرنەتیڤی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە بە ئەگەری زۆر خەڵکانێکی هەڵپەرست و چاوچنۆك و ئەوانەی سیاسەتدەکەن بۆ خۆدەوڵەمەندکردن لە گۆڕان نزیکناکەونەوە یا ئەگەر ئەمڕۆ لێشی نزیکبن دواجار لێی دوور دەکەونەوە: چوونکە ئەو توخم و کەسانە دەزانن کە ئۆپۆزیسیۆنکردن نەك هەر مرۆڤ دەوڵەمەند ناکات بەڵکو لەوانەیە باج و زیانێکی ماددی ئەو ئوپوزیسیۆنبوونەشی لێبکەوێت. پرۆسەیەکی ئەوهاش دەتوانێ بوار بە گۆڕان بدات کە زیاتر خەڵکی خۆبەخش لە خۆی کۆبکاتەوە نەك خەڵکی خۆپەرست؛ ٥) لە رێگەی بە ئۆپۆزیسیۆنبوون گۆڕان دەتوانێ رێگە لە ئەگەری کاڵبوونەوەی ناسنامەی سیاسی خۆی بگرێ. لەم قۆناغەدا گۆڕان پێویستیەکی حەیاتی بە زەقکردنەوەی سنوورەکانی ناسنامەی سیاسی خۆی هەیە نەك کاڵکردنەوە و ئیختیزالبوونی ئەو سنوورانە.

### ٣-١-٢ هاوپەیمانی ستراتیژی و پارتی و یەکێتی

یەکێك لەو شتانەی کە دوای روخانی رژێمی بەعس لە عیراق کاریگەری هەبووبێ لە بەرێوەبردن و رێکخستنی باشووری کوردستان و پەیوەندیە دەرەکیەکانی، هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی بووە. لەلایەکی ترەوە لە تێگەیشتن و وێناکردنی ئەو هاوپەیمانیەشدا زۆر بۆچوون هەن. دیارە بەرچاوترینیان بۆچوونی رەسمی پۆزەتیڤانە لە مەڕ ئەو هاوپەیمانیە هی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بووە. لە لایەکی ترەوە، لە بۆچوونێکی رەخنەگرانەوە، ئەو هاوپەیمانییە لە باشترین حاڵەتدا رێگر بووە لەبەردەم نوێبوونەوەی شەڕی براکوژی لە نێوان ئەو دوو هێزەدا و هی شاردنەوەی کێشەکانی نێوان ئەو دوو حزبە بووە تا چارەسەرکردنیان. لە خراپترین حاڵەتیشدا ئەو هاوپەیمانیە هۆکاری یەکەم و هەرە گرنگی ئەو گەندەلیە بووە کە سەرتاپای سیستەمی سیاسی و ئیداری لە کوردستاندا گرتۆتەوە.

ماوەیەك بەر لە هەڵبژاردنەکان بۆچوونێکم پیادەکرد ئەویش ئەوەبوو کە دوای ٧\٢٥ ئەگەری ئەوە هەبوو هەندێك موفاجەئەی سیاسی رووبدەن وە لە هەمووشیان گرنگتر دەبوو ئەگەری هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانیە بێ. بە هەر حاڵ تا ئێستا پارتی و یەکێتی توانیویانە بەشێوەیەك مامەڵەی دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردنەکان بکەن کە بە هەر حاڵ *تا ئێرە* هاوپەیمانیەکە پارێزراو بێت. لە لایەکی ترەوە، زیاتر لە ئاماژەیەك هەیە کە ئەو مامەڵەکردنە رەنگدانەوەی لاوازبوونی پێگەی یەکێتی پێوە دیارە وە لە سەرووی هەموویانەوە شێوەی تەکلیفکردنی سەرۆك وەزیر و دانانی جێگرێك بۆ بەرهەم سالح لە بەغدا (واتە پۆستی جێگری نوری ئەلمالکی). لەوە دەچێ لە هەردووك فایلەکەدا پارتی مامەڵەی یەکێتی وەك "دۆڕاو" دەکات. بەم مانایەش گومانێکی جددی دەکەوێتە سەر دوارۆژی ئەو هاوپەیمانییە.

لە بارەی تەکلیفکردنی سەرۆك وەزیر بە ئاشکرا دوو دانە بۆچوونی جیا لە میدیاکانی پارتی و یەکێتیدا تێبینیکراون: لە یەکەمیاندا بە بەردەوامی باس لە تەکلیفکردنی بەرهەم سالح و ئازاد بەرواری دەکرێت، کەچی لە دووەمیاندا بە بەردەوامی جختکراوەتە سەر ئەوەی کە "تەنها" بەرهەم سالح بۆ ئەم ئەرکە تەکلیف کرابێ. لە راستیدا لە هیچ جێگەیەکی ئەم دونیایە نەبیستراوە دوو کەس بۆ دامەزراندنی حکومەت راسپێردرێن تەنها لە باشووری کوردستان نەبێت. لایەکەی تریش ئەوەیە کە لە هەستیارترین کاتی پەیوەندیەکانی باشووری کوردستان و بەغدا ئەوەتا جێگەی بەرهەم ساڵح لە بەغدا تا ئێستاش پڕنەکراوەتەوە! لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی، لە راگەیاندنێکی سەرۆکایەتی هەرێمدا، باس لەوە دەکات کە دەستنیشانکردنی کەسێك بۆ ئەو پۆستە تەنها لە تایبەتمەندی سەرۆکایەتی هەرێمدایە. لە لایەکی ترەوە یەکێتی نیشتمانی ئەوەی جختکردۆتەوە، هەر نەبێ لە سەرەتادا، کە ئەو جێگەیە دەبێ بە هاوکاری هەردوولا (پارتی و یەکێتی) پڕبکرێتەوە.

بە باوەڕی من ئێستاش کۆمەڵێك هۆکار هەن بۆ ئەگەری هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانیە یا هەر نەبێت لێکترازان و بەرەوڕووبوونەوە لە قەیرانێکدا. لە لایەکی ترەوە ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك زیاتر، لە پێناو پاراستنی مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات و بۆ دژایەتیکردنی بزاڤی گۆڕان، پارتی و یەکێتی پێ لەسەر بەردەوامی ئەو هاوپەیمانیە دادەگرن. کەواتە چین ئەو شتانەی وامانلێدەکەن کە لە ئەمڕۆ و داهاتووشدا، وەك ئەگەر، قەیرانی جددی و بگرە هەڵوەشانەوەش لەو هاوپەیمانیە چاوەڕوان بکەین؟:

١- تێکچوونی هاوسەنگی نێوان پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنەکاندا: ئەم تێکچوونی هاوسەنگیە وایکردوە، لەگەڵ حەزی پاراستنی هاوپەیمانیشدا، یەکێتی وەك لایەنێکی لاوازتر لە جاران مامەڵە بکرێ، کەچی لە راستیدا ئەم شێوەی مامەڵەکردنە هەر لە پەیمانی واشنتونی (١٩٩٨)وە باڵادەست بووە لە پەیوەندی ئەم دوو حزبەدا؛ وە هەر ئەو حاڵەتەش بووە کە بۆتە سەرچاوەی هەندێك لە نارەزاییەکان کادران و چالاکڤانانی یەکێتی نیشتمانی. کەچی تا ئێستاش یەکێتی هەوڵ دەدات لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا بسازێت. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا کەی ئەو شێوە مامەڵەیەی پارتی لە یەکێتی هاوپەیمانیەکە دەگەیەنێتە بنبەست؟ ئەم پرسیارە کراوەیە، بەڵام شتێك کە بە ئەگەری زۆر وا لە یەکێتی بکات چیتر "تەنازول" قەبووڵ نەکات ئەوەیە کە لە ناو خودی یەکێتی (بە تایبەتی لە سەرکردایەتی و ریزی کادیرە پێشکەوتووەکانیدا) نارەزایی بەرامبەر شێوەی بەرێوەچوونی پەیوەندیەکانی پارتی و یەکێتی ئاشکرا سەر هەڵبدا و زێتر دەرگا لە بەردەم کادیر و سەرکردەکانی یەکێتی واڵا بکات بۆ جێهێشتنی ریزەکانی یەکێتی. لە ترسی، یا لەژێر فشاری، ئەگەرێکی ئەوها یەکێتی رێگەیەك لە نێوان دوان هەڵبژێرێ: تەنازولنەکردنی زێتر و پێداگری لەسەر یەکسانبوونی لەگەڵ پارتیدا، یا پێچەوانەکەی، واتە سازشی زێتر و لاوازبوونی زێتر؛

٢- شتێکی تر کە ئەگەری هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانیە بەهێز دەکات ئەوەیە کە: ١) ئەم هاوپەیمانیە تا رادەیەکی یەکجار زۆر هی دوو حزب نەبووە، واتە لە ئاستی قاعدە و سەرکردایەتیدا نەبووە، بەڵکو بە پلەی یەکەم هی تالەبانی و بارزانی بووە؛ ٢) ئەم هاوپەیمانیە لە ئاستی حوکمرانی و دامەزراوەی یەکگرتووی دەوڵەتدا نەك هەر بەرجەستە و سەرکەوتوو نەبووە بەڵکو بگرە، بە پێچەوانەشەوە، دوو دەسەڵات و دوو جوگرافیای دەسەڵاتی سیاسی جیاواز و هاوتەریبی پارتی و یەکێتیشی لێکەوتۆتەوە. ئەم بناسازیەی دەسەڵات و دامەزراوەکانی بە رووخێنەرترین شێوە لە کەرکوك رەنگی داوەتەوە و بە گرانیش بۆ دۆزی ئەو شارە و ناوچە دابراوەکان و باشووری کوردستان بە گشتی تەواو بووە؛

٣- لەگەڵ ئەوەشی کە پۆستی سەرۆك وەزیران درا بە بەرهەم سالح، دیسانەوە پرسی ئەوەی دەسەڵاتی ئەو بەرامبەر بە ئازاد بەرواری چەند و چۆن دەبێ و دەسەڵاتی فیعلی وەزیرەکان چۆن دەبێ و ئەگەری ئەوەی ئایا دواجار بەرهەم ساڵح لەو پۆستەدا چوار یا تەنها دوو ساڵ دەمێنێتەوە و ئەو دوو لایەنی هاوپەیمانیە پۆستەکانی بەغدا لە نێوانیاندا چۆن دابەش دەکەن و زۆر پرسی تریش، دەرگا لەبەردەم قەیران و هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانیە بە واڵایی بە جێدەهێڵن؛

٤- مەسەلەیەك کە کەمتر قسەی لەسەر کراوە، کەچی گرنگیەکی تایبەتی وەردەگرێ، داهاتووی سیاسی نێچیرڤان بارزانیە، کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بووە بە خاوەن پێگەیەکی بەهێز لە ناو دەسەڵاتدا. پرسی هەرە گرنگ دەربارەی دوارۆژی نێچیرڤان ئەوەیە ئایا چ رۆڵێکی *پێدەدرێ* یا ئەو خۆی چ رۆڵێك بۆخۆی *موناسب دەبینێ*. ئەو پرسیارە گرنگیەکی تایبەتی وەردەگرێ کاتێك دەزانین کە جێگەی ئەو کەسایەتیە لەسەر کەم کورسی (حزبی و ئیداری) دەبێتەوە، ئەوە ئەگەر جێگەی لەسەر کورسیەکی تر جگە لە هی سەرۆك وەزیرانی کوردستان ببێتەوە. بە مانایەکی تر زۆر کەم کورسی هەن، ئەوە ئەگەر ئەسلەن هەبن، کە جێگەی نێچیرڤان بارزانی لەسەر ببێتەوە. بەو مانایەش داتاشینی کورسیەك بۆی، وەك بۆ نموونە کورسی سەرۆکایەتی پارتی، ئاسان نیە. بە بۆچوونی خۆم داتاشینێکی لەم جۆرە نە بۆ پارتی ئاسانە وە نە بۆ مەسعود بارزانی وە نە ئەو کارەش ئاسانە لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی پارتی و یەکێتیدا. لە لایەکی ترەوە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك

وەزیران لە نێچیرڤان کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندیەکانی سێکوچکەی دەسەڵاتی ناو خودی پارتی (مەسعود بارزانی، مەسرور بارزانی و نێچیرڤان بارزانی).

### ٣-١-٣ چوار حزبەکە

پێشتر لەم وتارەدا باسی هاوپەیمانی، یا راستتر بڵێین یەك لیستی، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و سۆسیالیست و زەحمەتکێشانم کرد. دوای هەڵبژاردن و لە سەروبەندی دامەزراندنی حکومەتی نوێ لە باشووری کوردستان، لەوە دەچێت کە ئەم هاوپەیمانیە زۆر تەمەن نەکات، لەگەڵ ئەوەشی کە هەندێك شتی هاوبەش یا حاڵەتی سیاسی لەیەکچوو لە نێوان چوار حزبەکە هەن بۆ بوونی ئەم هاوپەیمانیە. دوا جار لەوە دەچێ هەر زوو بۆ یەکگرتوو دەرکەوتبێ کە دوورکەوتنەوەی لەو هاوپەیمانیە باشترە لەوەی کە بەردەوام بێت تیایدا. مەسەلەیەکی هەرە گرنگیش لە پەیوەندی و هەڵوەستەکانی ئەم چوار حزبە، بە هەر حاڵ ئێستا، مەسەلەی بەشداریکردنە لە حکومەتی نوێدا: لە کاتێکدا زەحمەتکێشان (هەڵبەتە مەبەست باڵی قادر عەزیزە) و سۆسیالیست بەئەگەری یەکجار زۆر بەشداری بکەن، هەڵوێستی کۆمەڵ زۆر روون نیە. لە لایەکی ترەوە تا رادەیەکی زۆر ئاشکرایە، وە ئەو ئەگەرەش هەرە بەهێزە، کە یەکگرتوو بەشداری لە حکومەتدا نەکات. هەروەها لە ئاستی عیراقیشدا یەکگرتوو هەوڵدەدات کە هەر وەك پێشوو لە دەرەوەی هاوپەیمانی یەکێتی و پارتیدا بمێنێتەوە، هەر چەندە ئەم جارە بە ئەگەری زۆر پارتی و یەکێتی پێداگریەکی زۆرتر لە پێشوو لە بەشداری یەکگرتووی ئیسلامی لە حکومەتی هەرێمدا بکەن و لە ئاستی عیراقیشدا ئەوە قەبووڵ بکات کە بچێتە ناو هاوپەیمانی کوردستانی. بە هەر حاڵ سیاسەتی ئەو چوار حزبە هەرچی ئاراستەیەك وەرگرێ ئەوا لە هەموو حاڵەتەکاندا ناتوانی بە رادەی گۆڕان قورسایی و کاریگەری بەسەر هاوکێشە و پرۆسە سیاسیەکان هەبێ.

### ٣-٢ لە ئاستی عیراقیدا

دوای ٦ ساڵ لەوەی پێیدەگوترێ پرۆسەی سیاسی لە عیراق، خەریکە پەیوەندیەکانی بەغدا و هەولێر بگەنە بنبەست. لە راستیدا پاشەکشە و بنبەست دەمێکە لەسەر پێیە، بەڵام باوەڕم وایە ئەو پاشەکشەیە دەگاتە لوتکە دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوی عیراق. بۆ پاشەکشە دەگاتە لوتکە وە ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی ناو عیراق روو لە باشووری کوردستان چی دەبن؟

جارێ با بزانین سەرچاوەی ئەو پاشەکشەیە چیە واتە چی روویدا لە سەرەتای پرۆسەی سیاسی لە عیراق بۆ ئەوەی دواتر مەسەلەکان بگەنە ئەو ئاقارەی کە پێیگەیشتوون؟

بە بۆچوونی خۆم کورد لە عیراق پێی لە ستراتیژ و بۆچوونێك هەڵگرت کە دواتر دەرهاوێشتەکەی ئەو حاڵەتیە کە پەیوەندیەکانی بەغدا و هەولێری پێدا تێپەڕدەبێ. ستراتیژی کارکردنەکەش ئەوە بوو کە سیاسەتی کوردی بە ئاراستەی پتەوکردن و بەرجەستەبوونی سێ دانە بە هیوابوون برد کە هەرسێکیشیان بەیەکەوە دەرەنجامی ئەو حاڵەتەی لێکەوتەوە کە کورد خۆی ئەمڕۆ بەرەوڕوویەتی:

١- هیوابوونی کورد بە پرۆژەی دەوڵەتی عیراقی "دیمۆکراتی-فیدرالی". ئەم هیوابوونەش بەردەوامی ئەو فەلسەفە سیاسیە بووە کە ساڵانێکی زۆر بوو کورد لە چوارچێوەیدا لە باشووری کوردستان خەباتی دەکرد کە ئەویش "ئۆتۆنۆمیزمە"؛

٢- هیوابوونی ئەمریکا بە مومکن بوون و سەرکەوتنی پرۆژەی دەوڵەتی عیراقی یەکبوو کە لە چوارچێوەیدا کێشەکانی ئەو وڵاتە بە چارەسەر دەگەن؛

٣- هیوابوونی سوننە بە شیعە وە شیعە بە سوننە: لەم ئاراستەیەدا لایەنی کوردی هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی: ١) سوننە و شیعە لەیەکتر نزیکببنەوە؛ ٢) کورد مەرجی پێشوەختی لایەنێکی سوننەی (حزبی ئیسلامی) قەبووڵکرد کە بە مەرجی پێداچوونەوەی دەستوور بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا بکات، هەڵبەتە ئەم قەبووڵکردنەش دواتر (لە هەڵ و مەرجی جیاوازتردا) دەتوانێ بۆ لایەنی کوردی لە عیراقدا کاریسەئامێز بێ؛ ٣) لایەنی کوردی هەموو شتێکی کرد بۆ ئەوەی سوننە موقاتەعەی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)ی عیراق نەکەن.

دوو حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی لە دەسەڵاتدا بوون لە کاتی کەوتنی رژێمی بەغدا لە ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٣، ئەو کاتە نەیانتوانی پرسیارێکی جددی لە خۆیان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە تایبەتی لە ئەمریکیەکان، بکەن پرسیارەکەش ئەوە بوو: ئایا کە پرۆژەی بریتانیای مەزن لە سەرخستنی دەوڵەتی عیراقی یەکگرتوو لە ماوەی ٨٠ ساڵ زیاتردا سەرکەوتوو نەبوو ئەوە چیە وا دەکات کە ئەمریکا لە هەمان پرۆژەدا سەرکەوتوو بێت؟ بە باوەڕی خۆم لایەنی کوردی نەك هەر دەبوایە ئەو پرسیارەی بە رووی ئەمریکی و لایەنەکانی تردا بورووژاندایە بەڵکو پێویست بوو بە راشکاوی گومانی خۆیشی بە ئاشکرا بخستایەتە روو کە بەڵێ لایەنی کوردی گومانی هەیە کە ئەو پرۆژەیە سەربگرێ! بەڵام ئەوەی کە لایەنی کوردی کردی پێچەوانەکەی بوو؛ واتە بە باوەڕێکی زۆرەوە چوو بەرەو دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق وە لەم ئاراستەیەشدا باوەڕی لای خەڵکانی تریش دروستکرد. بە هەر حاڵ، بە گەرمی پێشوازیکردنی لایەنی کوردی لە سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق، هەر وەك لەسەرەوە گوترا، زیاتر دەرهاوێشتەی حاڵەتێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و نەفسی بوو، کە زیاتر دەربڕی *ئەسیربوونی* سەرانی کورد بوو بۆ ئەوەی من پێیدەڵێم (کولتوری سیاسی ئۆتۆنۆمیزم)، نەك بە زەرووڕەت دەرهاوێشتەی فشاری ئەمریکیەکان بوو بۆ قەبووڵکردنی پرۆژەی ئەو دامەزراندنەوەیە.

دەتوانین لێرەدا ئەو پرسیارە گرنگە بکەین: ئایا چی دەبوو ئەگەر لایەنی کوردی بە پێی سیاسەتی *بێهیوابوون و بێهیواکردنی لایەنەکانی تر* کاری بکردایە؛ یا هەرنەبێ *چالاکانە* کاری نەکردایە بە ئاراستەی هیوابوونی کورد بە دەوڵەتی عیراق و هیوابوونی ئەمریکا بەو پرۆژەیە و هیوابوونی شیعە و سوونەی عەرەب بە یەکتر؟[٤]

بە کورتی، پارادۆکس (موفارەقە)کە ئەوەیە کە کورد لە ماوەی ٦ ساڵی رابردوودا بە هەموو تواناکانی دەوڵەتی عیراقی دروستکردەوە بۆ ئەوەی کە هەمان دەوڵەت دواتر ئینکاری مافە هەرە گرنگەکانی کورد بکات.

ئەی ئێستا، دوای دروستبوونەوەی دەوڵەتی عیراق، چی؟ بە بۆچوونی خۆم ئێستاش ئەگەر و دەرفەتی ئەوە ماوە کە هۆکارەکانی هەر سێ بێهیوابوون ***بگەڕێنەوە*** مەیدانی سیاسی عیراق، بەڵام ئەو ئەگەرە لە ئێستادا

---

[٤] ئەو دەرسەی کە مێژوو پێماندەڵێ ئەوەیە کە وازهێنانی بەریتانیا لە فەلەستین وە بڕیاری بۆ خۆکێشانەوە لە فەلەستین لە ١٩٤٧ وە خۆکێشانەوەی یەکجارەکی لە ١٩٤٨دا و راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل هەر ئەو ساڵە پێی لە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ هەڵگرت ئەویش *بێهیوابوونی* بەریتانیا بوو لە دروستبوونی دەوڵەتی هاوبەشی عەرەب و جوو لە فەلەستین.

لاوازتره لەوەی کە راستەوخو دوای کەوتنی رژێمی بەغدا لە ئارادا بوون، ئەو کاتەی کە دەوڵەتی عیراق لە تەواوی بنەماکانیەوە هەڵوەشابوویەوە.

بە هەرحاڵ ئێستا سیناریۆیەك کە زۆر جێگای ترس و نیگەرانیە ئەوەیە کە لە ئاکامی هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکانی عیراق لایەنی کوردی بە توندی پەراوێز بخرێ وە دووچاری حاڵەتێك ببێتەوە کە من پێیدەڵێم "حاڵەتی عیراق وەك موسڵی گەورە" واتە ئەوەی کە لە موسڵ بەسەر کورد هات ئەم جارە دوای هەڵبژاردنەکانی عیراق، کەم یا زۆر، دووبارە ببێتەوە. نیگەرانی و ترسەکەش پێ لەو خاڵانەی خوارەوە هەڵدەگرێ:

١- ئەگەری ئەوەی کە هاوشێوەی ئەوەی کە لە هەڵبژادنی شارەوانی لە موسڵ روویدا لە ئاستی هەموو عیراقدا روو بدات واتە **عیراق ببێ بە موسڵێکی گەورە**، چونکە لەوەدەچێت سوونەکان بە قورسایی تەواو هەتتا بەعسیەکانیش (بە ناوی تر یا لە رێگەی پشتگیری لە گروپێك یا چەند گروپێکی تر) بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن وە هاوپەیمانی کورد و شیعەش گۆڕانی بەسەردا دێت؛ ٢- پرەنسیپی تەوافوق بەرەو لاوازی و نەمان دەچێت؛ ٣- ئاراستەی هەرە بەهێز ئەوەیە کە دەستوری عیراق بەر لە هەڵبژاردن هەموارنەکرێ و بمێنێتەوە بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، وە لەم حاڵەتەشدا بە ئەگەری زۆر کورد دووچاری تەنازول و سازشی زیاتر دەکرێ؛ چونکە مەرجەکانی سیاسەتکردن و هاوکێشە سیاسیەکان دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراق کەمتر لە بەرژەوەندی کورددا دەبێت. مانەوەی کێشە هەرە چارەنووسسازەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بە چارەسەرنەکراوی ئەم مەسەلەیە ئاڵۆزتر دەکا وە دەرفەتی کوردیش لەم ئاراستەیەدا کەمتر دەبێتەوە؛

٤- دوای هەڵبژاردنەکان ئەگەری پەرتەوازەیی لایەنی کوردی هەیە، بە تایبەتی بە هۆی نەتوانستی پارتی و یەکێتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ روانگەی تازەدا ئەویش هاتنە کایەی لیستێکی تازەی کوردییە لە ئاستی عیراقدا (لیستی گۆڕان)، کە ئامادەنیە ببێ بە پاشکۆی پارتی و یەکێتی بەڵکو کاریش دەکا بۆ کۆتاییهێنان بە مۆنۆپۆلی سیاسی ئەو دوو حزبە. پارتی و یەکێتی ناتوانن بە ئاسانی ئەوە قەبووڵ بکەن کە گۆڕان ببێتە خاوەن پێگەیەکی سیاسی بە هێز لەسەر ئاستی عیراق؛

٥- لایەنە عەرەبیەکانی عیراق، لە هەوڵەکانیاندا بۆ خەملاندنی پانتایی سیاسی، عیراق بەرەو حاڵەتێك دەبەن کە تیایدا کورد لە ئاستی عیراقدا بەبێ هاوپەیمان یا بە هاوپەیمانیەکی لاواز بمێنێتەوە؛

٦- لە رووی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانەوە (بە تایبەتی لە مەر رۆلی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا لە عیراق) لایەنی عەرەبی هەوڵ دەدات کە لایەنی کوردی وەك کۆسپ و گوناهبار بناسێنێ، وەك ئەوەی کورد رێگر بێت لە بەردەم چارەسەری کێشەکان لە عیراق. من دەترسم لایەنی عەرەبی هەر زووتر لەم رووەوە هەندێك سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، چوونکە لە راستیدا هەر ئێستا لێرە و لەوێ، هەندێك جار ئەمریکیەکانیش، ئەوە دەخەنە روو کە ئەگەر دەخوازرێ کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر چارەسەر بکرێن ئەوا لەسەر لایەنی کوردی پێویستە سازشی زێتر بکات. ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی ترسناکە.

ئایا لەم بارودۆخەدا چی دەتوانرێ بکرێت؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نیە. بە هەر حاڵ دەکرێ مرۆڤ باس لە هەندێك ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی بکات کە تیایاندا لایەنی کوردی دەتوانێ کار و کاردانەوەی هەبێ:

١ - دەربارەی پەرتەوازەیی کورد و ئەگەری لاوازبوونی بەرامبەر بەغدا؛ بە باوەڕی من مەرج نیە لیستی گۆڕان بە یەك لیست لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دابەزێ بەڵام زۆر گرنگە هاوکاری هەبێت لە بەغدا لە نێوان ئەو دوو لیستەدا. بەم مانایەش گرنگە هەموو لایەنێك ئاراستەی گۆڕان لە شێوەی دوالیزمی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان لە لایەك وە هاوکاری لە بەغدا لە لایەکی ترەوە قەبوڵ بکەن. هەنگاوی نێچیرڤان بارزانی لە سەردانیکردنی بارەگای گۆڕان و دواتریش سەردانی د. بەرهەم سالّح بۆ سەرکردایەتی گۆڕان دوو هێمای گرنگ بوون لە ئاراستەیەکی تەندروستدا و پێویستە ئەو هەنگاوانە لە هەموو ئاست و ئاراستەکانی سیاسەتدا بەرجەستە بکرێن، نەك وەکو دوو کاردانەوەی دابڕاوی دوو سەرکردە بمێننەوە. کەواتە کارکردن بە ئاراستەی قەبووڵکردنی لیستی گۆڕان تاکە ئەلتەرناتیڤە و زۆریش گرنگە؛ گرنگە کوردستانیبوون و دیمۆکراسیبوونی راستەقینە لە کارکردن لەگەڵ واقیعی سیاسی نوێی باشووری کوردستاندا سەرپشك بێت. زۆر گرنگە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی ئەوە بزانن کە ناتوانن وە ناشکرێت لە کوردستان سیاسەتی تەنگپێهەڵچنین بەرامبەر بە گۆڕان پیادەبکەن و وەك "دوژمن" مامەڵەی بکەن، کەچی لە ئاستی عیراقدا چاوەڕوانی و داوای یەك لیستی لە گۆڕان بکات. جگە لەمەش ناکرێ پارتی و یەکێتی لە بەغدا داوا لە لایەنە عەرەبیەکان بکەن کە پرەنسیپی تەوافوق پیادە بکەن کەچی لە کوردستان نکوڵی لەو پرەنسیپە بکەن کاتێك کە قسە دێتە سەر شێوازی کارکردن لەگەڵ گۆڕان. گرنگیشە پارتی و یەکێتی دەست لەو سیاسەتی دوو فاقیەیان هەڵگرن کە لە لایەکەوە پێداگیریە لەسەر سیستەمی دیمۆکراسی لەسەر ئاستی عیراق و روو لە بەغدا وە لە لایەکی ترەوە شتێکی تەواو جیاواز بکەن لە کوردستان؛

٢- لە بەرەوڕووی بەغدا وە لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، بە تایبەتی لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا، دوو ئاستی سیاسی (یەکێکیان ستراتیژی و ئەوی تریشیان تاکتیکی) لەبەردەم گۆڕاندان: لە ئاستی ستراتیژیدا واتە لە ئاستی گرێ و کێشە هەرە ناوەندییەکان و چارەنووسی پەیوەندیەکان لە نێوان هەولێر و بەغدا، جیاوازیەکی گەورە لە نێوان بۆچوونی پارتی و یەکێتی لە لایەك وە گۆڕان لە لایەکی ترەوە نابینرێ. لە راستیدا لەو ئاستە ستراتیژیەدا خاڵی هاوبەش زیاترن تا خاڵی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا. بۆ نموونە گۆڕان چارەسەری کێشەی کورد لە باشووری کوردستان لە مانەوە لە چوارچێوەی عیراقدا دەبینێ وە مێتودی چارەسەری کێشەکانیش گەڕانەوەیە بۆ دەستور و دەزگا دەستوریەکان. بەڵام لە ئاستی تاکتیکیدا جیاوازیەکە بەرچاوە، بە زەرورەتیش ئەم جیاوازیە لە زیانی کورد نیە. جیاوازیەکەش لە ئاستە تەکتیکیەکەدا، بە رادەی یەکەم، سەرچاوە دەگرێ لە خواستی بزوتنەوەی گۆڕان بە دابەزین بە لیستی جیا لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا وە نەگونجانی ئەو ئاراستەیە لەگەڵ خواستی پارتی و یەکێتی لەم بارەیەوە.

بە هەر حاڵ لەوەدەچێ، لەبەر زۆر هۆ، دابەزینی گۆڕان بە لیستی تایبەتی خۆی لە ئاستی عیراقدا بڕیاری هەرە شیاو بێ بۆ ئەو لیستە، هەر نەبێ بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو. بەم مانایەش دەکرێ بەرەوڕووی بەغدا و بە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هاوکاری رخنەگرانە و بە جختکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی خۆی، بەبێ ئەوەی ئەم هاوکاریە بە زەروورەت مانای توانەوە بدات لە ناو یەك لیست لەگەڵ ئەو دوو حزبەدا، سیغەی هەرە گونجاو بێت بۆ گۆڕان. نموونەی هاوکاری یەکگرتووی ئیسلامی لە بەغدا لە چوار ساڵی رابردوودا لە گەڵ لیستی هاوپەیمانی نموونەیەکی باش و سەرکەوتوو بووە. گۆڕان دەتوانێ سوود لەو ئەزموونە وەرگرێ و بۆ پارتی و یەکێتیش ئاسان نابێ نکوڵی لە سەرکەوتوویی و گونجاوی ئەو ئەزموونە بکەن؛

٣- هەر چەندە دەرفەتی زۆر مێژوویی لە دەست چوون، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کورد لە باشووری کوردستان دەروازە لە رووی سێ دانە بێهیوابوون بکاتەوە، جا چ بە مەبەست و ئاراستەیەکی *ستراتیژی* بێت یا بەس *تاکتیکی* وە یا هەردووکیان: ١) بێهیوابوونی کورد لە پرۆژەی دەوڵەتی عیراق؛ ٢) بێهیوابوونی ئەمریکا لە سەرکەوتنی پرۆژەی دەوڵەتی عیراق، بەم شێوەیەش رێگا خۆش بێت بۆ گۆڕانی ستراتیژی ئەمریکا لە عیراق لە سیاسەتێك بۆ دوو حاڵەت (حاڵەتی کوردی لە لایەك و حاڵەتی عەرەبی لە لایەکی تر) بۆ دوو سیاسەت بۆ دوو حاڵەت (واتە سیاسەتێك بۆ کوردستان وە سیاسەتێکی جیاش بۆ عیراقی عەرەبی)؛ ٣) بێهیوابوونی عەرەبی سوننی و عەرەبی شیعی لە یەکتر. زۆر بە کورتی و بە چڕی: دەکرێ هیوای راستەقینە بۆ کورد لەم سێ بێهیوابوونە بکەوێتەوە؛

## ٣-٣ لە ئاستی ئیقلیمی و کوردستانی مەزندا

لەم ئاستەدا پەیوەندیەکانی کورد (لە باشوور و لە باکوور) لەگەڵ تورکیا بەرەو قۆناغێکی تازە پێهەڵدەگرێ وە بە بۆچوونی خۆم ئەو پەیوەندیانە لە داهاتودا زێتر دەرفەت لەخۆ دەگرن بۆ باشووری کوردستان تا هەڕەشە. بەم مانایەش ماوەیەکە تورکیا هەوڵ دەدات ببێ بە بەشێك لە چارەسەری تا بەشێك لە کێشە. لەم بارەیەوە پێشڤەچوونەکان زیاتر بە ئاراستەیەکی تەندروستدا دەڕۆن: ١) کرانەوەی حزب و حکومەتەکەی ئەردۆگان لە رووی جۆرە چارەسەریەك بۆ کێشەی کورد؛ ٢) زێدەبوونی رۆڵی ئەقلیمی تورکیا؛ ٣) ئەگەری ئەوەی کە ئەمریکا بەرپرسی زێتر بدا بە تورکیا وە تورکیا خۆشی چاوی لەوە بێت کە بەرپرسیاریەتی خۆی لە مەڕ وە کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان بە تایبەتی هاوتەریب لەگەڵ ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق؛ ٤) ئەو قەناعەتەی کە هەر پتەویەك و بەرەو پێشچوەچوونێکی پۆزەتیڤانە لە پەیوەندیەکانی نێوان باشووری کوردستان و تورکیا بەهێزبوونی باشوورە لە رووی ئیقلیمیەوە، بە تایبەتی بەرامبەر بەغدا؛ ٤) پێداگری لەسەر ئەو راستییەی کە ئەمرۆ لە هەموو رۆژێك زیاتر باشووری کوردستان پێویستی بە کرانەوەی هەرچی زیاترە بەرامبەر بە تورکیا. ئەو دەرفەتەی کە لە تورکیا هاتۆتە کایەوە، کە بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد و کرانەوەی دەروازەی زیاترە بەرووی ئەو کێشەیە، بە مانای کرانەوە و پەیوەندی توندوتۆڵتر لە گەڵ باشووری کوردستان دێت. هەر لێرەوەیە کە کورد پێویستی بە بەکوردستانیکردنی کێشەی کورد هەیە لەو دیو و لەو دیوی سنوور، تەواو بە پێچەوانەی فەلسەفەی ئۆتۆنۆمیزم کە هەرگیز لەسەر بنچینەی دابڕینی کێشەی کورد لە پارچەیەکی کوردستان لە پارچەکانی تری کوردستان وە لە وڵاتێك لە وڵاتەکانی تر بووە.

دەرەنجام لەوەدەچێت کە باشووری کوردستان (بە ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتەوە) تەنها یەك ئەلتەرنەتیڤیان لەبەردەم بێت ئەویش کارکردنە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە لەگەڵ هەموو ئەو پێشوەچوون و ئاراستانەی سەرەوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی باشووری کوردستان و پاڵدانی کێشەی کورد لە تورکیا بەرەو چارەسەری.

لە لایەکی ترەوە بزاڤی سیاسی لە باشووری کوردستان لە ماوەیەکی دوور و درێژدا ئەسیری کولتورێکی سیاسی روخێنەر بووە لە بابەتی سیاسەتی حزبە سیاسیەکان لە ئاستی ئیقلیمیدا. بە مانایەکی تر ئامانجێکی ئەو پەیوەندیانە زیاتر بۆ پشتشکاندنی یەکتر بووە تا پەیرەوکردنی بەرنامەیەکی سیاسی نەتەوەیی. ئیستا

دەرفەتی ئەوە هەیە کە بۆ نموونە بزووتنەوەی گۆڕان سیاسەتێکی ئاشکرا و روون، روو لەو ئاستە تێکەڵاوەی کوردستانی مەزن و ئیقلیمی پیادە بکات، وە خۆی بپارێزێ لە هەموو یاریەك لە پەیوەندیە ئیقلیمیەکاندا کە رەنگدانەوەی خواستی تەسکی حزبی بووە و مەبەستیش تیایدا پشتشکاندنی یەکتری بووە. لە لایەکی ترەوە گرنگە بزووتنەوەی گۆڕان وەك ئۆپۆزیسیۆن لە گوتارێکی روون و ئاشکرادا خوێندنەوە و بۆچوونی خۆی لە دیپلۆماسی کوردستانی بداتە ناساندن وە هەوڵبدات، بە هاوکاری لەگەڵ حزبەکانی تر یا بە تەنیا، پەیڕەوی ئەو خوێندنەوەیەی خۆی لەو ئاستەدا بکات.

## ٤-٣ لە ئاستی جیهانیدا

لە ئاستی جیهانیدا باشووری کوردستان بەرەو رووی کۆمەڵێك ئەگەرە، لە هەمووشیان گرنگتر سیاسەتی ئەمریکایە لە عیراق و ناوچە و کاریگەری ئەو سیاسەتەیە لەسەر چارەنووسی باشووری کوردستان. بە ئەگەری زۆر لە ماوەی داهاتوودا ئەکتەرە نێونەتەوەییەکان، بە تایبەتی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان، هەست بە فشار و کەمی کات بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عیراق. ئەوەشی لەم بارەیەوە پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە لەم پەیوەستەدا لایەنی کوردی بە توندی پەیوەندیدار دەکرێ، بە تایبەتی لە مەسەلەی ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا.

ئەوەی لێرەدا گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرێ ئەوەیە کە لە زۆر ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی و میدیایی و بگرە سەربازی (ئەمریکی)شدا جخت لەوە دەکرێتەوە کە ململانێی هەرە جددی کە بەرەو رووی عیراق دەبێتەوە کێشەی نێوان کورد و عەرەبە. جگە لەوەش خەریکە بۆچوونێك، هەر نەبێ لە ئاستی میدیایی ئەمریکی و ئەکادیمیدا، بەرجەستە دەبێت ئەوەیە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە لایەنی کوردی سازشی زێتر بکات. ئەم حاڵەتەش زۆر پەیوەندی بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق هەیە، بە تایبەتی ئەو خواستەی کە فەراهەمبوونی کشانەوەی ئەمریکا لە عیراق نەك هەر پێویستە لایەنی هێمنی و ئاسایش لەو وڵاتە زامنکرابێتن بەڵکو کێشە دەبێ سیاسیەکانیش چارەسەر بکرێن. لەم سونگەیەوە بە ئەگەری زۆر لەوەدەچێ ئەمریکا لە ماوەی داهاتوودا *پەلە بکات* لە "چارەسەرکردنی" کێشە هەڵپسێردراوەکان لە نێوان هەولێر و بەغدا، لەوەشدا ئەگەری ئەوە زۆرە ئەمریکا فشاری زێتر بخاتە سەر لایەنی کوردی. لەبەر ئەوە ئەم ئەگەرە لەگەڵ ئەگەری  ئەوەی کە کورد دوای هەڵبژاردنەکانی عیراق زێتر پەراوێزبخرێ و لە رووی سیاسیشەوە زێتر پەرتەوازە بێت دەکرێ ببێتە سەرچاوەی جۆرێك لە پاشەکشەی جددی بۆ لایەنی کوردی لە عیراق.

زۆر بە کورتی، لەگەڵ بوونی هەندێك پێشوەچوونی نیگەرانئامێزیشدا، لە ئاستی جیهانیەوە، تا ئێستاش بواری دەرفەت بۆ کورد ماوە. بەڵام دەرفەت ئەو کاتە بۆ کورد بە باشی دەشکێتەوە و دەبێ بە دەرفەتێکی راستەقینە وەختێك لایەنی کوردی خوێندنەوەیەکی شایستە و نەتەوەییەوەیی بۆ ئەو دەرفەتە دەکات و هەڵسو کەوتی هەرە پێویست و پڕ شایستە بە دەرفەتەکە دەکات، نەك بە هۆی پەرتەوازەیی و پەیرەوکردنی سیاسەتی پاشقوڵ لەیەکتر گرتن دەرفەت لەبار بەرێت.

به مانایەکی تر لە ئاستی جیهانیدا دوالیزمی دەرفەت لە لایەك وە نیگەرانی لە لایەکی تر بەدیدەکرێن بە پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتی پێشڤەچوونی پەیوەندیەکان لە سێکوچکەی (کورد – ئەمریکا – لایەنی عەرەبی لە عیراق) لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسی ئیقلیمی و جیهانی زۆر ئاڵۆزدا. . .

## ٤- دەرەنجام

لە ١٨ ساڵی رابردوودا پارتی و یەکێتی سەرکەوتوو نەبوون لە ئەزموونی بناسازی دەوڵەتی دامەزراوە و کۆمەڵگای یاسا، ئەوە ئەگەر باسی کارسە نەتەوەییەکەی شەرە خۆکوژی و کوردکوژییەکەی ١٩٩٤-١٩٩٨ و هەندێك رووداو و سیاسەتی چەوتی پشتشکێنیش نەکەین.

یەکێك لە دەرەنجامە هەرە ترسناکەکانی ئەو سەرنەکەوتنە بەرهەمهێنانی دوو دەسەڵاتی هاوتەریبی رەسمی لە لایەك وە شاردراوە لە لایەکی ترەوە بووە. جگە لەوەش دەبێ ئاماژە بەو راستیەش بکرێ کە نەك هەر یەك دانە دەسەڵاتی شاردراوە هەیە بەڵکو دوو دانە هەیە: یەکێتی دەسەڵاتی شاردراوەی (دەرەوەی یاسای) تایبەت بە خۆی هەیە وە پارتیش دەسەڵاتی شاردراوەی خۆی هەیە. لەم سونگەیەوە تەحەددای هەرە جددی، کە بۆ ماوەیەکی نادیار بەرەو رووی ئەزموونی باشووری کوردستان دەبێتەوە، ئەو دەسەڵاتە شاردراوەیە کە دەکرێ لەبەردەوامیدا تەواوی ئەزموون بخاتە مەترسیەوە. لە راستیدا کورد لە باشوور دەبێ خاوەن یەك دەسەڵات بێت ئەویش دەسەڵاتێکی ئاشکراو رەسمییە کە دەربڕی رەوایەتی دیمۆکراسی و بەرجەستەکردنی سەروەری ناوخۆییە لە سیستەمێکی شەفافدا. بە مانایەکی تر بەردەوامی دەسەڵاتی شاردراوە لە کوردستان لە درێژبوونەوەیدا یەکێکە لە هەرەشە هەرە جددییەکان بۆ سەر تەواوی پرۆژەی سیاسی لە باشووری کوردستان.

بزاڤی گۆڕان بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش سەریهەڵدا. یەکەمجار بۆ ماوەیەکی زۆر لە دوو فەزای لە یەکتردابڕاو (یەکێکیان لە ناوەوە (لە ناو حزب) وە یەکێکیکیشیان لە دەرەوە (لە دەرەوەی حزب). ئەم *ناوەوە* و *دەرەوەیە* لە لیستی گۆڕاندا یەکتریان گرت وە بەم شێوەیەش روانگەیەکی نوێ لە سیاسەتکردن هاتە کایەوە کە بزاڤی حزبی و بزاڤی جەماوەری بەیەکەوە گرێدەدات.

هاتنەکایەی لیستی گۆڕان کۆمەڵێك دەرفەت دەهێنێتە گۆڕێ وە کۆمەڵێك هەڵتەکانی گرنگ بە ئاراستەی تەندروستکردنی ئەزموونی کوردی فەراهەم دەکات. بەڵام گۆڕان خۆشی بەرەو داهاتوو بەرەو ڕووی زۆر تەحەددا و کێشەیە، گرینگترینیان ئەوەیە ئایا ئەم لیستە چۆن خۆی دەکاتە ئاراستەیەك و بزاڤێك کە بتوانێ دواجار دوو پێیەکە یەکبکات و خۆی لە هەندێك کێشە و قەیرانی دوالیزمی دوو پێیی بپارێزێ؛ بە مانایەکی تر پرسیا ئەوەیە ئایا گۆڕان چۆن دەتوانێ ئەم دوالیزمە وەك سەرچاوەی هێزی بزاڤەکە بپارێزێ.

ئێستا بزاڤی گۆڕان لەگەڵ پێداویستیەك رووبەڕووە، کە بۆ ئەمڕۆی ئەو بزاڤە و بۆ داهاتووەکەشی گرنگە، ئەویش خۆساغکردنەوە و خەملاندنی ناسنامەیەکی تایبەتییە بە خۆی. لایەنی هەرە گرنگیش لەو ناسنامەیە ئەوەیە کە ئەم بزاڤە رۆڵی خۆی لە پێنج ئاستی ستراتیژیدا دەستنیشان بکات. بە بۆچوونی خۆم شێوەیەکی ئەم دەستنیشانکردنە دەتوانێ ئەوها بێت: ١) ئۆپۆزیسیۆنبوون لە باشووری کوردستان؛ ٢) هاوکاری لە بەغدا، بەبێ ئەوەی بە زەرووردت بچێتە ناو یەك لیستەوە لەگەڵ پارتی و یەکێتی؛ ٣) لە ئاستی ئیقلیمیدا

هاوکاریکردن و یەك هەڵوێستی لەگەڵ حزبەکانی تر، بەڵام بە تایبەتمەندی خۆیەوە و خۆدوورگرتن لە گەمە کلاسیکیە دۆڕوەکان لەگەڵ هێزە ئیقلیمیەکاندا؛ ٤) لە ئاستی جیهانیشدا دوالیزمی ئۆپۆزیسیۆن و هاوکاری.

زۆر هێما هەن کە ئەسلەن پارتی و یەکێتی ئامادە نین وا هەڵسەکەوت لەگەڵ گۆڕاندا بکەن وەك ئەوەی کە ئەو بزوتنەوەیە هەڵقوڵاوی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستانە و ناکرێ هەر وا بە ئاسانی وەك کۆمەڵێك خەڵکی جیابوویەوە لە حزبێکی تایبەتی لە قەڵەم بدرێن و ئەو راستیەش نەبینرێ کە ئەم بزاڤە، بە توانای خۆی و پشتگیری بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان، لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ هەر نەبێ ٢٥٪ دەنگی خەڵکی کوردستانی بەدەستهێناوە.

ماوەیەکە، بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنەکان یەکێتی نیشتمانی هەموو هێز و تواناکانی بۆ دژایەتیکردنی گۆڕان تەرخان کردووە، جگە لەمەش لە لای گۆڕانیشەوە هەست بە کاردانەوە دەکرێت کە دەکرێ دواجار ئەم کار و کردارانە مەسەلەکان بەرەو پشێوی ببەن. ئەم ئاراستەیە ترسناکە وە بەرپرسی دەکەوێتە سەر شانی هەموو لایەك کە رێگەبگرن لە تەشەنەبوونی زێتری ئەم ئاراستەیە بۆ ئاستێکی شەڕخوازی و بەروروبوونەوەی خوێناوی.

---

★ ئەم بابەتە لە سێ سیمینارەدا (لە شاری مالمۆیی سوید لە ٢٠٠٩/٨/١٥؛ لە ژووری ئۆپۆزیسیۆن - پالتاك لە ٢٠٠٩/٨/٢١؛ وە لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج لە ٢٠٠٩/١٠/٩ پێشکەشکراوە).